سەرۆک بارزانی: پەلاماردانی لقی5 ی پارتی و سووکایەتییکردن بە ئاڵای کوردستان دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی و عەقڵییەتی ئەو تاقمە شەڕانگێزە دەردەخات

ئەوانەی بیانەوێت پەلاماری پارتی بدەن و سووکایەتی بە بەهاکانی گەلی کوردستان بکەن باجی ئەو کارەیان دەدەن



سەرۆك بارزانی دوێنێ شەممە 17ی ئۆکتۆبەری 2020 لەبارەی پەلاماردانی بارەگەی لقی5ی پارتی لە بەغدا لەلایەن تاقمێکی گێرەشێوێنان و سووکایەتیکردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئاڵای پارتی پەیامێکی بۆ رای گشتی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا رایگەیاند: بە توندترین شێوە ئیدانەی ئەو پەلامارە نامەردانەیە دەکەین و لێرەدا ڕایدەگەیەنین ئەم جۆرە پەلامار و دەستدرێژییانە بە هیچ شێوەیەك لە پێگەی کورد و بەها باڵاکانی گەلی کوردستان کەم ناکەنەوە، بەڵام بەڕوونی دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی و عەقڵییەتی ئەو تاقمە شەڕانگێزە بۆ هەموو لایەك دەردەخات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەواڵی پەلاماردانی بارەگای لقی 5ی پارتی لەلایەن تاقمێکی گێرەشێوێنەوە پێ گەیشت، کە لە ئەنجامی ئەو کردەوە نایاساییەدا سووکایەتییان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئاڵای پارتی کردووە.

بە تووندترین شێوە ئیدانەی ئەو پەلامارە نامەردانەیە دەکەین و لێرەدا ڕایدەگەیەنین ئەم جۆرە پەلامار و دەستدرێژییانە بە هیچ شێوەیەك لە پێگەی کورد و بەها باڵاکانی گەلی کوردستان کەم ناکەنەوە، بەڵام بەڕوونی دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی و عەقڵییەتی ئەو تاقمە شەڕانگێزە بۆ هەموو لایەك دەردەخات.

ئەو چاوەڕوانییەمان لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق هەیە کە ئیجراائاتی پێویست لە بەرامبەر ئەو پەلاماردەرانە بگرێتە بەر، لە هەمان کاتدا جەختیش لەوە دەکەینەوە ئەوانەی بیانەوێ پەلاماری پارتی بدەن و سووکایەتی بە بەهاکانی گەلی کوردستان بکەن، دواجار باجی ئەو کارەیان دەدەن.

مەسعود بارزانی
17ی تشرینی یەکەمی 2020

کەبان

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6023) یەکشەممە 18ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



نێچیرڤان بارزانی سووتاندنی بارەگای پارتی لە بەغدا شەرمەزار دەکات

داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەین لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە یاساییەکانیان بەشێوەیەکی جددی و خێرا دەستپێبکەن و تێکدەران ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە



دوێنێ شەممە 17ی ئۆکتۆبەری 2020 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پەلاماردانی بارەگەی لقی 5ی پارتی لە بەغدا و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئیدانەی ئەو کارەی کرد و ڕایگەیاند ئەو هێرشە شەرمەزار دەکەین و بە کردەوەیەکی ئاژاوەگێڕانەی دادەنێین، هێرش بۆ سەر بارەگای حزبێك کە هێزێکی سەرەکیی ڕووخاندنی دکتاتۆری بووە لە عێراق، هێرشە بۆ سەر مێژووی خەباتی هاوبەشی کورد و هێزە عێراقییە شۆڕشگێڕەکان لەپێناو نەهێشتنی زۆرداری و دیکتاتۆری، هەڕەشەیە بۆ سەر پێکەوەژیانی ئاشتیانە، لەباربردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و لەگەڵ بنەماکانی دەستوور و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، ناکۆکە.

(دەقی پەیامەکە لە 3ڵ بخوێنەوە)

3

راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی لەبارەی هێرشکردنە سەر لقی5ی پارتی و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان:

داوا لە حکوومەتی فیدراڵی دەکەین بە زووترین کات ئیجرائاتی یاسایی بگرێتەبەر و ئەنجامدەرانی ئەو کارەش گرووپێکی ناسراون



2

حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

هەر جۆرە هێرش و دەستدرێژییەک بۆ سەر سیمبۆلەکانی هەرێمی کوردستان جێگەی قبووڵکردن نییە

4 هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق ئیدانەی سووتاندنی لقی5ی پارتی لە بەغدا دەکات

هێرشی هەمەجی

سەلام عەبدوڵڵا

حکوومەتی مستەفا کازمی هەفتەی پێشوو چەند هەنگاوێکی ئەرێنی بەرامبەر حکوومەتی هەرێم و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکوومەتی عێراقی و هەرێم نا، کە گرینگترینیان گەڕانەوەی ئاوارەکراوەکانی شنگال بوو بۆ زێدی خۆیان، کە دوای شەش ساڵ لە ئەنجامی هێرشی تیرۆریستانی داعش دەربەدەر و ماڵوێرانکراو بوون، هەروەک چوونە دەرەوەی هێزە بیانییەکانی نێو شنگال کە بە ناوی پاراستنی شنگالەوە دەیانویست ئەجێندای تایبەتی خۆیان جێبەجێ بکەن، لە ناویاندا هێز و گرووپەکانی سەر بە pkk و حەشدی شەعبی کە هەر زوو نارەزایەتی خۆیان دەربڕی و دژی ئەو بڕیارە بەجێیە بوون کە کێشەی بڕا ئێزدییەکانی تا ڕادەیەکی باش چارەسەر دەکرد و لە ژیانی کۆمەڵگای ئاوارەیی قوتار دەکرد.

ئەجێندای pkk لای حکوومەتی هەرێم شاراوە نییە، چونکە وا بۆ (٣٠) ساڵ دەچێت ئەم هێزە بووە بە مایەی سەرئێشە بۆ حکوومەتی هەرێم و دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان، کە بە هۆی بوونی ئەوانەوە زیاد لە (٥٠٠) گوند چۆڵکراون و زیانێکی گەورەشی هەم گیانی و هەم مادی بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە گەیاندووە، بۆیە هەڵوێستی ئەو گرووپە بۆ حکوومەتی هەرێم نامۆ نەبوو، بەڵام بۆ هێزێکی بە حیساب عێراقی کە بەوجۆرە تونده کاردانەوەی بەرامبەر ئەو بڕیارە هەبێت، مەسەلەکە بیانە پەرلەمان، خەڵکی هانبدات کە رۆژی (١٧) ی ئۆکتۆبەر هێرش بکەنە سەر بارەگای لقی (٥)ی پارتیمان، ئەمە لەکاتێکدایە حکوومەتی هەرێم، نەک پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حکوومەتی بەغدا کردووە و ڕێککەوتنەکەشی لە بەرژەوەندی هەردوولایە.

ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە حەشدی شەعبی لە چەندین گرووپی جیاواز و جیاجیا پێکهاتووە، کە بۆ ئەجێندای جۆراوجۆر کار دەکەن و هەندێک لەو گرووپانە زۆر بە ڕاشکاوی سەرپێچی لە بڕیارەکانی حکوومەت دەکەن و مەرامەکانیان ناشارنەوە و هەر ڕۆژە و گرووپێک هەڵدەتۆقێ بە ناوی سەیر و سەمەرەوە. ئەوەتا ئەوانەی هێرشیان کردەسەر بارەگای لقی (٥) ناوی خۆیان ناوە (اولاد الله) و (ربع الله)! و بە دروشمی ئایینییەوە بارەگاکەیان سووتاند.

بۆیە ئێمە ئەم کارەی ئەو گرووپانە کە لەژێر ناوی حەشدی شەعبی دەنوێنن، بە توندی شەرمەزار دەکەین و داوا لە حکوومەتی عێراقی دەکەین کە تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنێت و ئەم کارە هەمەجیانە دووپات نەبنەوە.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد

پێویستە ئەو تەحەددیاتە نەمێنێ کە ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال

ڕۆژی چوارشەممە 14ـی تشرینی یەکەمی 2020 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ستیڤێن هیکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی عێراق و لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر ژیانی گشتیی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ تاوتوێ کرا. هەروەها ڕۆشناییش خرایە سەر مەترسییەکانی تیرۆر و ئەو تەحەددیاتەی ڕووبەڕووی پڕۆسەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبنەوە.

هەر لەو دیدارەدا باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەستخۆشی لە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال کرد کە لەنێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەستراوە و هیوای ئەوەی خواست ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت.

پەیوەست بەم بابەتەوە سەرۆک بارزانی پاڵپشتیی خۆی بۆ حکوومەتەکەی مستەفا کازمی و ڕێککەوتنی شنگال دووپات کردەوە و ئەوەشی خستەڕوو کە پێویستە ئەو تەحەددیاتە نەمێنن کە ڕێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان. هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق تەوەرێکی تری ئەو دیدارە بوو.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی حزبی عەمەل کرد

جەخت لە بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی عەمەل کرایەوە

ڕۆژی چوارشەممە 14ـی تشرینی یەکەمی 2020 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کەسایەتیی سیاسیی عێراقی د. سەلیم ئەلجبووری سەرۆکی حزبی عەمەل (گردبوونەوەی مەدەنی بۆ چاکسازی) کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە خرایە بەر باس و گفتوگۆ. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لەسەر هەماهەنگی و بەردەوامیی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی عەمەل (گردبوونەوەی مەدەنی بۆ چاکسازی) کرایەوە.



مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پەلاماردانی لقی5ی پارتی لە بەغدا و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان، پەیامێکی بڵاوکردەوە، بە توندی هێرشی تاقمێکی لە یاسادەرچوو بۆ سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و سووتاندن و بێڕێزیکردن بەرانبەر ئاڵای کوردستان لە بەغدا، ڕیسوا و شەرمەزار دەکەم.

دەقی پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بە توندی هێرشی ئەمڕۆی تاقمێکی لە یاسادەرچوو بۆ سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و سووتاندن و بێ ڕێزی کردن بەرامبەر ئاڵای کوردستان لە بەغدا، ڕیسوا و شەرمەزار دەکەم . بێ ڕێزی کردن بەرانبەر پیرۆزترین سیمبولی کوردستان و سووتاندنی و هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبێک، کە زۆرترین قوربانی لە پێناو ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عێراق و دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان داوە، هێرشێکی ئاشکرایە بۆ سەر بەهاکانی دیموکراسی و بە یەکەوەژیانی ئاشتیانە و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵدا. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیران بەڕێز مستەفا کازمی، گفتوگۆمان دەربارەی ئەم پەلاماڕە کرد و داوام لێکرد کە دەزگا پەیوەندیدارەکان، دەستبەجێ لێکۆڵینەوە بکەن و ڕێوشوێنی یاساییش، بەرامبەر ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە بگرنەبەر.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/10/17

ڕاگەیاندراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەڵکوتانە سەر بارەگەی لقی5ی پارتی لە بەغدا:

هەر جۆرە هێرش و دەستدرێژییەک بۆ سەر سیمبۆلەکانی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی جێگەی قبووڵکردن نییە

داوا لە حکوومەتی فیدراڵ دەکەین ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر و هێرشکارانیش بە سزای خۆیان بگەیەندرێن

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بە توندی سووتاندنی ئاڵای کوردستان و هێرشی سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا شەرمەزار دەکات و ڕایدەگەیەنێت: هەر جۆرە هێرش و دەستدرێژییەک لەلایەن هەر کەس و گرووپێکەوە بۆ سەر سیمبۆلەکانی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی جێگەی قبووڵکردن نییە. دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە توندی سووتاندنی ئاڵای کوردستان و هێرشی سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا شەرمەزار دەکات.


هەر جۆرە هێرش و دەستدرێژییەک لە لایەن هەر کەس و گرووپێکەوە بۆ سەر سیمبۆلەکانی هەرێمی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی جێگەی قبووڵکردن نییە.

پێویستە حکومەتی فیدراڵ ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی بارەگای حزبەکان و نوێنەرایەتیی وڵاتانی بیانی لە بەغدا وهەر شارێکی دیکە لە هێرشی هەر گرووپێکی لە یاسا دەرچوو بگرێتەبەر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مافی خۆی دەزانێت هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی و ڕێگەپێدراو بۆ پاراستنی هاوواڵتیان و دەستکەوتەکانی و ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان بگرێتەبەر. داوا لە حکومەتی فیدراڵ دەکەین، ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر و هێرشکاران بە سزای خۆیان بگەیەنن تا ئەم جۆرە کردەوە دزێوانە دووبارە نەبنەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/10/17

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد



ڕۆژی چوارشەممە 2020/10/14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیفن هیکی باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکە دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا تاوتوێ کرا. جەخت لە گرنگیی سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی کرا لە سەر بنەمای دەستوور.

باڵیۆزی بەریتانیا پشتگیریی خۆی بۆ ڕێککەوتنامەی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال دەربڕی وەک بنەمایەک بۆ سەقامگیریی و ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکە و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانیان. سەرۆکی حکومەت، تیشکی خستە سەر بەردەوامیی پڕۆسە چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئاراستەی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری.

پەیامی سەرەخۆشی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی نیگارکێشی ناسراوی کورد جەمال بەختیار

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی نیگارکێشی ناسراو (جەمال بەختیار)م بیست. کە هونەرمەندێکی نیشتمانپەروەر و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو. شۆڕشەکانی کوردستان و پێشمەرگە و سرووشت و ژیانی کوردەواری، بابەتی سەرەکیی کارە هونەرییەکانی بوو.

پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم و خۆم بە هاوبەشیی خەمیان دەزانم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش، بە بنەماڵە و کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/10/17

سەرۆکی حکومەت سەرەخۆشی لە د. نووری عوسمان دەکات

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ د. نووری عوسمان ئەنجامدا و بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی هاوخەمی خۆی پێڕاگەیاند. ئەمەش دەقەکەیەتی:

ئەمڕۆ چوارشەممە 2020/10/14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، سەرەخۆشی لە د.نووری عوسمان کرد، بۆ کۆچی دوایی باوکی، عوسمان مەحمود شنگالی کە دەکاتە بۆی شەهید سامی عەبدولڕەحمان .

سەرۆکی حکومەت، هاوخەمی خۆی لە گەڵ بنەماڵەکەیان دەربڕی و هیوای خواست، خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکار و خانەوادەکەیان ببەخشێت.

مەسرور بارزانی: هەرگیز زامی خیانەتی خاکفرۆشانمان بیر ناچێتەوە

ئەو دۆخە نائاساییەی لە ئەنجامی خیانەتی خاکفرۆشانەوە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە هاتە ئاراوە جێگەی قبووڵکردن نییە

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بە بۆنەی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ڕایگەیاند: ئەو دۆخە نائاساییەی کە لە ئەنجامی خیانەتی خاکفرۆشانەوە، لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تر هاتە ئاراوە، جێگەی قبووڵکردن نییە. هەروەها لە بەشێکی تری پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: هەرگیز زامی خیانەتی خاکفرۆشانمان بیر ناچێتەوە. بەڵام لە خیانەت بە زامتر ئەوەیە، کە گەل خیانەتکار سزا نەدات.

نێچیرڤان بارزانی سووتاندنی بارەگای پارتی لە بەغدا شەرمەزار دەکات

داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەین لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە یاساییەکانیان بەشێوەیەکی جددی و خێرا دەستپێبکەن و تێکدەران ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە



دوێنێ شەممە 17ی ئۆکتۆبەری 2020 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پەلامارادانی بارەگەی لقی 5ی پارتی لە بەغدا و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئیدانەی ئەو کارەی کرد و رایگەیاند ئەو هێرشە شەرمەزار دەکەین و بە کردەوەیەکی ئازاوەگێڕانەی دادەنێین، هێرش بۆ سەر بارەگای حزبێک کە هێزێکی سەرەکیی ڕووخاندنی دکتاتۆری بووە لە عێراق، هێرشە بۆ سەر مێژووی خەباتی هاوبەشی کورد و هێزە عێراقییە شۆڕشگێڕەکان لەپێناو نەهێشتنی زۆرداری و دیکتاتۆری، هەڕەشەیە بۆ سەر پێکەوەژیانی ئاشتیانە، لەباربردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و لەگەڵ بنەماکانی دەستوور و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، ناکۆکە.

دەقی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ گرووپێکی لە یاسادەرچوو بارەگای لقی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە شاری بەغدا سووتاند و لە کاتی هێرشەکەدا ئاڵای کوردستان و وێنەی سیمبولەکانی کورد سووتێندراون و ئاڵای حەشدی شەعبی هەڵکراوە.

ئێمە ئەو هێرشە شەرمەزار دەکەین و بە کردەوەیەکی ئازاوەگێڕانەی دادەنێین. هێرش بۆ سەر بارەگای حزبێک کە هێزێکی سەرەکیی ڕووخاندنی دکتاتۆری بووە لە عێراق، هێرشە بۆ سەر مێژووی خەباتی هاوبەشی کورد و هێزە عێراقییە شۆڕشگێڕەکان لەپێناو نەهێشتنی زۆرداری و دیکتاتۆری. هەڕەشەیە بۆ سەر پێکەوەژیانی ئاشتیانە، لەباربردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و لەگەڵ بنەماکانی دەستوور و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، ناکۆکە.

هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی و هێزە چەکدارەکانی عێراق مێژوویەکی تازەی هاوبەشیان لە شەڕی داعشدا تۆمار کرد، ئێمە هیوادارین ئەو هاوبەشییە هاوکارییەکی زیاتری بەدوادابێت لەڕووی سیاسییەوە لەپێناو دەربازکردنی هەموو خەڵکی عێراق لەو بارودۆخە ناخۆشەی تێیکەوتووە.

نابێ هیچ لێدوان و مشتومڕێك لە هیچ بواریکدا ئەو هاوبەشییە تازەیەی نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراقی تازەدا تێکبدات، دەبێ هەموو لایەك ئەو هاوخەباتییەی ڕابردوو بەکار بێنین بۆ یارمەتیدانی حکوومەتی فیدرالیی عێراق لەپێناو هێنانەکایەی بەڕێوەبردنێکی باشتر کە لە خزمەت خەڵکی عێراقدا بێت.

داوا لە هەموو لایەك دەکەین بە ئارامی مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوە بکەن و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی عێراق لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە یاساییەکانیان بە شێوەیەکی جددی و خێرا دەستپێ بکەن و تێکدەران ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
17/10/2020



سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا کۆبووەوە

باڵیۆزی بەریتانیا پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەربڕی

نێوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 14/10/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ستیفن هیکی، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ بەریتانیا، دۆخی عێراق بەگشتی و سەختیی دۆخی ئابووری بەتایبەتی و چۆنیەتیی تێپەڕاندنی، گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، مەترسییەکانی تیرۆر و ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشیان تاوتوێ کرد.

هەردوولا خواستی بەردەوامیی هاوکاری و هاوبەشیی نێوانیان و بەرەودان بە پەیوەندییەکان بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا دووپات کردەوە. سەرۆك نێچیرڤان بارزانی گوتی بەریتانیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانن بۆ سەقامگیری و بنیاتنانی دامەزراوەکان، هاوکاریی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەن.

بەڕێز باڵیۆزی بەریتانیا خۆشحاڵیی خۆی و پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ هەنگاوەکان و بەرەوپێشچوونی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەربڕی و هیوای بەردەوامی هەردوولا بۆ تەواوی کێشەکانیان بگەنە چارەسەری، سەرۆك نێچیرڤان بارزانیش چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و تەواوی کێشەکانی ناوخۆی عێراقی بە کلیلی ئارامی و سەقامگیریی وڵات لە قەڵەم دا. دواییەن پێشهاتەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید_19 و لێکەوتەکانی و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی، دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و چەند پرسێکی مایەی بەیاخی هەردوولا، بەشێکی دیکەی گفتوگۆکە بوون.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پارێزگاری کەربەلا کرد

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 15/10/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز نصیف جاسم الخطابی، پارێزگاری کەربەلا کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێز پارێزگاری کەربەلا پوختەیەکی دەربارەی دۆخی پارێزگاکە بەتایبەتی لەڕووی گەشتیاریی ئایینییەوە خستەڕوو و ئاماژەی بەوە دا کە ئارامی و سەقامگیریی کەربەلا، ڕیخۆشکەرە بۆ سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی و پارێزگاکە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی فراونبووندایە. هەروەها بەڕێزیان ستایشی ئەزموونی سەرکەوتووی کەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستانی لە بواری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریدا کرد کە دەکرێت بۆ کەربەلا و پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش سوودی لێ وەربگیرێت.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا هەماهەنگیی پارێزگاکان و حکوومەتی فیدراڵ و گرنگیی شۆڕکردنەوەی زیاتری دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگاکان خرایە بەر باس تا بتوانن خزمەتی باشتر پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن و کار و پڕۆژەکان خێراتر ئەنجام بدرێن. لە کۆتاییی دیدارەکەدا سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، بانگهێشتێکی بەڕێز پارێزگاری کەربەلای بۆ سەردانی پارێزگاکە قبووڵ کرد و هیوای خواست لە کاتێکی گونجاوی داهاتوودا سەردانی کەربەلا بکات.

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دواییی هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی کوردستان جەمال بەختیارم پێگەیشت. خوالێخۆشبوو هونەرمەندێکی نیشتمانپەروەر بوو، هەموو تەمەنی خۆی بە هونەر و خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بەخشی و گەنجینەیەکی نایابی هونەری لە دوای خۆی جێهێشت.

دەکەم، هاوبەشی خەمیانم، لە خوای مەزن داواکارم گیانی خوالێخۆشبوو بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە هەمووان ببەخشێت. بە کار و بەرهەمەکانی بۆ هەمیشە لە یادمان دەمێنێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
16/10/2020

پرسە و سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکار و هەوادارانی

راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی لەبارەی هێرشکردنە سەر لقی5ی پارتی و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان:

داوا لە حکوومەتی فیدراڵی دەکەین بە زووترین کات ئیجرائاتی یاسایی بگرێتەبەر و ئەنجامدەرانی ئەو کارەش گرووپێکی ناسراون

بەم ڕەفتارانەیان تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەخەنە بارودۆخێکی مەترسیدار



دوێنێ شەممە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هێرشکردنە سەر بارەگای لقی5ی پارتی لە بەغدا و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، ڕێککەوتی 17ی ئۆکتۆبەری 2020، بەشێکی سەرلێشێواو و سەرگەردان لە میلیشیاکان، کە دوورن لە پرنسیپە نیشتمانییەکان و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و دژ بە دیموکراسییەت و ئازادی، هێرشیان کردە سەر بارەگای لقی5ی پارتیان و بەشێوەیەکی دوور لە بەهای نیشتمانی و پێکەوەژیان، بارەگاکە و ئاڵای پێرۆزی کوردستانیشیان سووتاند. لەکاتێکدا بەتوندترین شێوە ئیدانەی ئەو کردەوە نا بەرپرسانە دەکەین کە بەرانبەر بارەگایەك کراوە کە تەنیا ئەرکی ئەنجامدانی چالاکی سیاسییە لە چوارچێوەی یاسادا، لە هەمان کاتدا هۆشداری دەدەین کە ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە (ربع اللە) و هاوکارەکانیان، کردەوەکانیان دوور و نزیك پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نییە و ناوی ئیسلام تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانەکانیان بەکاردێنن، بەم ڕەفتارانەیان تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەخەنە بارودۆخێکی مەترسیدار و هەڕەشەن بۆ ئیستیقراری عێراق و ئاشتی کۆمەڵایەتی و حوکمڕانیش بەڕەو هەڵدێر دەبەن.

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای ئیدانەکردنی ئەم کردەوە ناشارستانییە، داوا لە حکوومەتی فیدراڵی دەکەین، لە زووترین کاتدا ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر ئەنجامدەرانی بگرێتەبەر، کە گرووپێکی ناسراون و ڕاگەیاندراویان سەبارەت بە تاوانەکەیان بڵاوکردووەتەوە، هەروەها نیگەرانی و دڵگرانی خۆشمان دەردەبڕین لە کەمتەرخەمی ئەو هێزانەی پاراستنی بارەگەکەیان پێسپێردرابوو کە بەداخەوە وەکو پێویست بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەستان و هیچ ڕێگرییەکیان لە گێرەشێوێنان نەکرد..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
17ی ئۆکتۆبەری 2020

قوباد تاڵەبانی:

هێرشکردنە سەر لقی پارتی و سووتاندنی ئاڵای کوردستان جێگەی قبووڵکردن نییە



قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی هێرشکردنە سەر بارەگەی لقی5ی پارتی لە بەغدا و سووتاندنی ئاڵای کوردستان لە پەیامێکدا ڕایگەیاند: هەڵکوتانە سەر بارەگای پارتی لە بەغدا جێگەی قبولۆکردن نییە.

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەشڵێ سووتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان کە سیمبولی باڵای گەلەکەمانە و هەروەها هەڵکوتانە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بە شێوازێکی نایاسایی و ناشارستانی جێگای قبووڵکردن نییە و هێرشە بۆ سەر هەموو پیرۆزی و بارەگا کوردستانییەکان لە پایتەختی فیدراڵی عێراق.

هەروەها قوباد تاڵەبانی ڕاشیگەیاندووە بەتوندی ئیدانەی ئەم هەنگاوە دەکەم و داواش لە هێزە عێراقییە هاوپەیمان و دۆستەکانمان دەکەین لە بەغدا لەسەر ئەم بێڕێزیکردنە بێنە دەنگ کە پێشێلکردنێکی گەورەی یاسا و دەستوور و سیمای فرەجۆری عێراقە و زاڵکردنی هێزی چەکە بەسەر مەنتیقی عەقڵ و دیالۆگدا، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی گەورەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی سەرمان کە ئەمڕۆ گەلەکەمان لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەیەکڕیزی و تەبایی هەیە.

پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی سووتاندنی ئاڵای کوردستان و بارەگای پارتی لە بەغدا دەکات

داواکارین حکوومەتی عێراق ڕێگە نەدات هێزێکی لە یاسا دەرچوو زیان بە پێکهاتەکان و بنەماکانی دەستوور و فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیی عێراق بگەیەنێت

دوێنێ شەممە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی هێرشکردنە سەر بارەگای لقی5ی پارتی و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەرایەتیی شەرعیی تەواوی خەڵکی کوردستان وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی زۆری خۆی لە ئاست ئەم ڕووداوە نەخوازراوە، داواکارە حکوومەتی فیدرالی ڕێگە نەدات هێزێکی یاخی و لە یاسا دەرچوو زیان بە پێکهاتەکان و بنەماکانی دەستوور و ڕەنگاڵەیی و فرەیی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیی عێراق بگەیەنێت.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ شەممە ١٧ی ١٠ی ٢٠٢٠، هێزێکی لە یاسا یاخی پەلامارێ بارەگای لقی(٥) ی پ.د.ک یاندا کە خاوەنی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانییە لە پەرلەمانی کوردستان و لە کاتی ئەو پەلامارەشدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان سووتێنرا.

وێڕای بەتوندی شەرمەزارکردنی ئەو پەلاماڕە و سووتاندنی ئاڵای کوردستان کە سومبولی گەلی کوردستانە و لە سایەیدا ڕۆڵەکانی گەلەکەمان خوێنی خۆیان کردە قوربانی بۆ ئازادی و دیموکراسی و سەرفرازی، داوا لە حکومەت و پەرلەمانی فیدرالی دەکەین بەدواداچوون بۆ ئەم کارە نایاساییە دوور لە هەموو عورفێکی سیاسی و گیانی پێکەوەژیانە بکەن و ئەنجامدەرانی بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەنن. بیانووی پەلامارەدەران هەرچییەک بووبێت، ڕێگەی دیکەی مەدەنی و میدیایی و سیاسی و پەرلەمانی هەبوو بۆ وەلامدانەوە.

پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەرایەتیی شەرعیی تەواوی خەڵکی کوردستان، وێڕای دووبارە دەربڕینی نیگەرانیی زۆری خۆی لە ئاست ئەم ڕووداوە نەخوازراوە، داواکارە حکومەتی فیدرالی ڕێگە نەدات هێزێکی یاخی و لە یاسا دەرچوو زیان بە پێکهاتەکان و بنەماکانی دەستوورو ڕەنگاڵەیی و فرەیی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیی عێراق بگەیەنێت.

بەرز و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

پەرلەمانی کوردستان
17/10/2020





بەشیر حەداد ئیدانەی سووتاندنی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەکات

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ئیدانەی سووتاندنی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەکات کە دوێنێ شەممە لەلایەن ژمارەیەک خۆپیشاندەری گێرەشێوێنەوە سووتێنرا.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ڕایگەیاندووە، ئەو دۆخە هەستیارەی کە ئێستا وڵاتی پێدا تێپەڕ دەبێت لە سەر هەموو لایەک پێویست دەکات کە بارودۆخەکە بە ئاراستەی هێورکردنەوە ببەن نەک ئەوەی هێرش بکرێتە سەر بارەگای پارت و لایەنە سیاسییەکان و ئاگری تێبەر بدرێت و سوکایەتی بە ئاڵای هەرێمێکی فیدراڵی دەستووری بکرێت کە سیمبولی پیرۆزی میللەتێکە نەک تەنیا حزبێک.

ئاماژە بەوەیشدراوە کە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، بەشیر حەداد داوای لە حکوومەتی عێراق و ئەنجومەنی باڵای دادوەری فیدراڵی کردووە، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە و هاندەرانی و هەروەها بێدەنگی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بکەن و ئەو کەسانەش کە ئەو کارەیان ئەنجام داوە دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا و باسی لەوەشکردووە کە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و فراکسیۆنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەرامبەر ڕووداوەکە، بێ دەنگ نەبن و هەڵوێستیان هەبێت.

هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبووسی ئیدانەی سووتاندنی لقی٥ی پارتی لە بەغدا دەکات

ڕێگەدان بە گەڕانەوەی دیاردەی تۆندوتیژی و سووتاندنی بارەگاکان ئاماژەیەکی خراپە و کاریگەری لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەبێت



هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی ئیدانەی سووتاندنی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەغدا کرد و داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە ڕێڕەوێن بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگرێتەبەر. لە ڕاگەیەندراوێکدا هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق ڕایگەیاندووە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدای پایتەخت بە بەرچاوی هێزە ئەمنییەکانەوە، ئیدانە دەکەین.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە ڕێگەدان بە گەڕانەوەی دیاردەی تۆندوتیژی و سووتاندنی بارەگاکان، ئاماژەیەکی خراپە و کاریگەری لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەبێت، هەروەها زیان بە پڕۆسەی دیموکراتی کە لەسەر بنەمای ئازادی ڕادەبڕین و خۆپیشاندانی ئاشتی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان بنیاتنراوە، دەگەیەنێت، جگە لەوەش ئاماژەیەکە بۆ لاوازی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی حکوومەت و بێ توانای هێزە ئەمنییەکان بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردانە و سزانەدانی ئەنجامدەرانی ئەو کردانە.

هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی ئیدانەی سووتاندنی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەغدا و داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە ڕێوشوێن بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگرێتەبەر. لە ڕاگەیەندراوێکدا هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق ڕایگەیاندووە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدای پایتەخت بە بەرچاوی هێزە ئەمنییەکانەوە، ئیدانە دەکەین.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە ڕێگەدان بە گەڕانەوەی دیاردەی تۆندوتیژی و سووتاندنی بارەگاکان، ئاماژەیەکی خراپە و کاریگەری لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەبێت، هەروەها زیان بە پڕۆسەی دیموکراتی کە لەسەر بنەمای ئازادی ڕادەبڕین و خۆپیشاندانی ئاشتی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان بنیاتنراوە، دەگەیەنێت، جگە لەوەش ئاماژەیەکە بۆ لاوازی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی حکوومەت و بێ توانای هێزە ئەمنییەکان بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردانە و سزانەدانی ئەنجامدەرانی ئەو کردانە.

هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی ئیدانەی سووتاندنی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەغدا و داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە ڕێوشوێن بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگرێتەبەر. لە ڕاگەیەندراوێکدا هاوپەیمانی هێزەکانی عێراق ڕایگەیاندووە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدای پایتەخت بە بەرچاوی هێزە ئەمنییەکانەوە، ئیدانە دەکەین.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە ڕێگەدان بە گەڕانەوەی دیاردەی تۆندوتیژی و سووتاندنی بارەگاکان، ئاماژەیەکی خراپە و کاریگەری لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەبێت، هەروەها زیان بە پڕۆسەی دیموکراتی کە لەسەر بنەمای ئازادی ڕادەبڕین و خۆپیشاندانی ئاشتی و پاراستنی ماف و ئازادییەکان بنیاتنراوە، دەگەیەنێت، جگە لەوەش ئاماژەیەکە بۆ لاوازی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی حکوومەت و بێ توانای هێزە ئەمنییەکان بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردانە و سزانەدانی ئەنجامدەرانی ئەو کردانە.

عێراق.. کاردانەوەکان سەبارەت بە سووتاندنی لقی5ی پارتی و سووتاندنی ئاڵای کوردستان لە بەغدا

سەلیم جبووری: هەڵوێستە باشەکانی پارتی لای عێراقییەکان ڕەنگی داوەتەوە و سووتاندنی بارەگاکەی مایەی قبووڵکردن نییە

بەڕەی ڕزگاریکردن و گەشەپێدان: سووتاندنی بارەگای لقی٥ی پارتی لە بەغدا تاوانێکی تیرۆریستییە



دوێنێ شەممە گرووپێکی حەشدی شەعبی هێرشیان کردە سەر بارەگای لقی٥ی پارتی لە بەغدا و دواتر ئاڵای کوردستانیشیان لەسەر بارەگە سووتاند، ئەمەش بووە جێی نیگەرانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە لایەنەکانی بەغداش ئیدانەی ئەو کارە دەکەن.

لەکاردانەوەیدا سەبارەت بە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، بەڕەی ڕزگاریکردن و گەشەپێدان بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجێفی لە عێراق ڕایگەیاند کە ئەو کارە، سووتاندنی تاوانێکی تیرۆریستییە و هاوکات سەرۆکی پارتی گردبوونەوەی مەدەنی بۆ کاری چاکسازی، سەلیم جبووری کە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا مایەی قبووڵکردن نییە.

بەڕەی ڕزگاریکردن و گەشەپێدان و سەلیم جبووری بە جیا کاردانەوەیان نیشاندا و سەبارەت بە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا. لەمبارەیەوە بەڕەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان لە ڕایگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەیشداوە، بە خەم و نیگەرانییەوە لەو ئاگادارببووە کە بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لە لایەن گرووپەکانی دەرچوو لە یاسا سووتێنراوە. باسی لەوەشکردووە ئەو کارە دوای ئەوە ئەنجامدراوە کە هەندێک لێدوان بەوە شێکرابوونەوە کە گوایە دژ بە حەشدی شەعبیین و ڕاشیگەیاندووە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، تاوانێکی تیرۆریستییە و نابێت کەس لێی بێ دەنگ بێت و ئەنجامدەرانیشی دەستگیر بکرێن. بەڕەی ڕزگاریکردن و گەشەپێدان ئەوەیشی خستووەتەڕوو کە حکوومەت و هێزە ئەمنییەکان بەرپرسن لە پاراستنی بارەگاکە.

هەر لەسەر سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، سەرۆکی پارتی گردبوونەوەی مەدەنی بۆ کاری چاکسازی، سەلیم جبووری لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەسبووک ڕایگەیاندووە: پارتی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا هەڵوێستە باشەکانی لای عێراقییەکان ڕەنگی داوەتەوە لەوەی بووەتە پەناگەیەک بۆ ئاوارەکان و پاڵشتی لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەکات، بۆیە سووتاندنی بارەگاکەی لە بەغدا مایەی قبووڵکردن نییە.

سەلیم جبووری ئاماژەی بەوەیشداوە، ئامادەنەبوونی حکوومەت لە دابینکردنی ئاسایش جێگەی پرسیارە و و جەختیشی کردووەتەوە کە ئەوەی لە سووتاندنی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا ڕوویدا، ڕەتکرایەوە.

مەکتەبی سیاسیی پارتی وەڵامی راگەیاندراوەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی دەداتەوە

16ی ئۆکتۆبەر خیانەتێکی لەبیرنەکراو و زامێکی قووڵی جەستەی کوردستانە

16ی ئۆکتۆبەر دەرئەنجامی زنجیرەیەک پێشبینی هەڵە و بڕیاری نەخەملێوی سیاسی و ستراتیژی بوو

لە کۆبوونەوەکەی دووکان بۆ ڕێگریکردن لە شەڕی داسەپاو بڕیاری پێویست وەرگیرا، بەڵام چونکە پێشتر کاڵفامەکان ڕێککەوتنیان ئیمزاکردبوو لە 16ی ئۆکتۆبەردا ئۆتۆمبێلە جامڕەشەکان لە جیاتی کۆڵوانە سوورەکان کەوتنە پێش کاروانی پەیمانپێدراو!



ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە17ی ئۆکتۆبەری 2020 وەڵامی راگەیەندراوێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی دەداتەوە و لە بەشێکی راگەیەندراوەکەی راگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی هاتووە: 16ی ئۆکتۆبەر مێژوویکی کۆن و نووسراو نییە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەو ڕووداوە خیانەتکارییە تەنیا سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، کاڵفامی لەوەدایە، کە وابزانن خەڵک زاکیرەی ئەوەندە لاوازە و لە بیریان چۆتەوە، یا (گوبڵز) ئاسا درۆبکەن و درۆبکەن تا دەیکەن بە باوەڕی خەڵک !.. ئەمەش دەقەکەیەتی:

لەکاتێکدا کە ڕەوشی هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت و دژواری دۆخەکەش بەشێکی پەیوەندی بە خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ەوە هەیە، خیانەتێک کە بەرهەمی ڕەنجی دەیان ساڵە و خواست و بڕیاری گەلی کوردستانی بە بادا، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا، لە جیاتی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان بە گشتی و شاری کەرکووک بەتایبەتی بەرامبەر ئەو خیانەتە گەورەیەی کە تاقمێکی ناکاملّی حزبەکەی لە کوردستانیان و خەباتی دەیان ساڵەی گەلەکەمانیان کرد، هەرزە گۆیانە کەوتووەتە چەواشاکاری و تۆمەت بەخشینەوە بۆ پارتیان و دەستبردن بۆ شێواندنی میژووی ڕووداوێکی لە یادنەکراو!

لە وەڵامی ئەو تۆمەت و چەواشەکارییانەدا دەڵێین: چەواشەکاری و درۆ پەتیان کورتە و، شێواندنی میژوو و خاکفرۆشی و کۆڵوانە سووری بەر لەشکر کاری لەمێژینەی هەندێکانە، ئەگەر تەسلیمکردنی کەرکووک بەشێك بێت لە ڕێبازی پیرۆز، ئەی دەبێ ڕێبازی نا پیرۆزتان چی بێ!؟.

16ی ئۆکتۆبەر مێژوێکی کۆن و نووسراو نییە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەو ڕووداوە خیانەتکارییە تەنیا سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، کاڵفامی لەوەدایە، کە وابزانن خەڵك زاکیرەی ئەوەندە لاوازە و لە بیریان چۆتەوە، یا (گوبڵز) ئاسا درۆبکەن و درۆبکەن تا دەیکەن بە باوەڕی خەڵك !..

جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی دەستەی کارگێڕی ئەوسای یەکێتی هیچ تەمومژێکیان لەسەر ڕووداوەکە نەهێشتەوە، کە چ خیانەتێکی گەورە لە کوردستان بە گشتی و کەرکووك و شار و شارۆچکە کوردستانییەکانی دەڕەوەی ئیدارەی هەرێم کراوە و کاڵفام و هەرزە سیاسییەکان چ بەڵایەکیان بەسەر کەرکووکدا هێناوە و چ ئاکامێکی کارەساتباریان دروستکردووە و چۆن خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر کراوە و نیشتیمان فرۆشراوە، هەروەها دیدارە تەلەفزیۆنیەکەی، کە ئیمزای سێ و هەشت ئەندامی سەرکردایەتی نیشانی بینەراندا، خەڵکی کوردستان لەبەرچاویانە، پتر لەمەیش گوتار و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەوانییەکانی فەرماندەی یەکەی(70) لەبەرچاوی خەڵکە و زۆر شەفاف و بێ شاردنەوە پەردەیان لەسەر خیانەتەکە هەڵماڵی و حاشا هەڵنەگریی نیشتیمان فرۆشییان سەلماند.

بەڵێ 16ی ئۆکتۆبەر سەرەڕای کاڵفامی، دەرئەنجامی زنجیرەیەك پێشبینی هەڵە و بڕیاری نەخەملێوی سیاسی و ستراتیژی بوو لەپێناو دەستکەوتی شەخسی و دریژەپێدەری ڕێبازە چەوتەکەبوو، کە ڕەوایەتی بە خیانەت و خۆفرۆشی دەدا لە پێناو مەرام و دەستکەتی شەخسی !

ڕیفراندۆم پرۆسەیەکی دیموکراسییانەی گەل پەسەندبوو، سندوقەکانی دەنگدان و پەنجەی مۆرکراوی خەڵکی کوردستان و هاواری کەرنەڤاڵ ئاسای جەماوەری کوردستان، وەسیەتی شەهیدان و کیمیابارانکراوان و ئەنفالکراوانیان، وێڕای دەنگی کەسوکاریان، بێ ترس و بە ئاشکرا گەیاندە بەرگوێی هەموو مرۆڤایەتی و جیهان. خۆبێبەریکردنتان لە ریفراندۆم، نرخ و سەروەری و شکۆی پرۆسەکە زیاتر دەکات. بەڵی، شەڕێکی نەخوازراوبوو و تا ئەمڕۆش بڕیاری لەسەر نەدراوە، بەڵام ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبەری 2017 بە ئاماژەبوونی سەرۆك کۆماری ئەوکات لە کۆبوونەوەی دووکان، بۆ ڕێگری لە شەڕی داسەپاو و چۆنیەتی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە و بەگریکردن بڕیاری پێویست وەرگیرا، بەڵام چونکە پێشتر کاڵفامەکان ڕێککەوتنی خیانەتیان ئیمزاکردبوو، لە 16ی ئۆکتۆبەر ئۆتۆمبێلە جامڕەشەکان لە جیاتی کۆڵوانە سوورەکان کەوتنە پێش کاروانی پەیمان پێدراو !!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، جگە لەو تاقمەی، کە وا دەزانن خۆفرۆشی و نیشتمانفرۆشی بە چەواشەکاری و بوختان دادەپۆشرێ، هەموویان لە دادگای مێژوودا بە ویژدانی مرۆڤایەتی زیندووەوە شایەدی دەدەن لەسەر کەرکووك فرۆشیتان و چۆك دادانتان لە بەرمبەر دەستکەوت و پلە، کە بەشێکتان وەرگرت !

16ی ئۆکتۆبەر خیانەتێکی لەبیرنەکراو و زامێکی قووڵی جەستەی کوردستانە..

- دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدان و ئەوانەی تەسلیمی خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر و تاقمە کاڵفامەکە نەبوون.
- سەرشۆڕی بۆ چەواشەکاران و ئەوانەیش، کە هەموو مێژوویان پڕە لە کۆڵوانەسووری بەر لەشکر و تەسلیمبوون و چۆکدادان !
- بەڵی ئێمە سەرمان بەرزە و خۆمان ناچەمێنین .

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
١٧ی ئۆکتۆبەری

تیمی وەزاریی پارتی بۆ تیمی وەزاریی یەکێتی:

ناتوانن خۆتان لەژێر هەژموونی تاقمێکی خۆسەپێنەر و شەڕخواز ڕزگار بکەن

ڕووداوی خاکفرۆشتن و لە دەستدانی نیوەی خاکی کوردستان لە 16 ئۆکتۆبەردا زۆر جیاوازە لە 31ی ئابی پیرۆز

تیمی وەزاریی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی ئاراستەی تیمی وەزاریی یەکێتی لە حکوومەت کرد و لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەی تیمی پارتی هاتووە: باشتر بوو ئەو کەسانەی لە جیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ خودی تیمی یەکێتی لەناو حکومەت بکەن و بریار لە جیاتی حکومەت بدەن، لە بری ئەو بێدەنگییە دەبووا تیمی وەزاری یەکێتی ئامۆژگاریان بکەن، کە واز لە دەست تێوەردان لە کاروباری حکومەت بهێنن و لە هەمانکاتدا دەبووا ئامۆژگاری ئەو کەسانەیان بکردبا کە ڕۆژانە لە میدیاکانەوە هێرشی نارەوا بۆ سەر سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنی وەزیرانە دەکەن، کە خۆیان تیایدا ئەندامن ! ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

باشتر بوو بۆ تیمی وەزاری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بە شێوەیەکی بابەتیانە و واقیعبینانە تەماشای گرژییەکانیان بکردبوایە. کەچی لە یادی ڕیفراندۆمی گەلەکەماندا، کە هەموو هێزە سیاسییەکان و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێی دابوو، 93%ی خەڵکی کوردستانیش بە بەڵێ دەنگی بۆ دا، ئامۆژگاری ئەو تاقمەیان بکردایە کە ڕەنج و ماندووبوون و خەونی میللەتەکەمانیان بە فیڕۆدا، کەچی لە ڕۆژی ڕیفراندۆمدا، دەستیان بە هێرش کرد .

باشتر بوو ئەو کەسانەی لە جیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ خودی تیمی یەکێتی لە ناو حکومەت بکەن و بریار لە جیاتی حکومەت بدەن، لە بری ئەو بێدەنگییە دەبووا تیمی وەزاری یەکێتی ئامۆژگاریان بکەن، کە واز لە دەست تێوەردان لە کاروباری حکومەت بهێنن، لە هەمانکاتدا دەبووا تیمی یەکێتی لە حکومەت ئامۆژگاری ئەو کەسانەیان بکردبا، کە ڕۆژانە لە میدیاکانەوە هێرشی نارەوا بۆ سەر سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنی وەزیرانە دەکەن، کە خۆیان تیایدا ئەندامن !

ئەگەر دەتانەوێت لە ژێر فشاری ئەو کەسانەدا هەموو ڕووداوەکان وەك یەك سەیر بکەن، بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن، کە ڕووداوی خاکفرۆشتن و لە دەستدانی نیوەی خاکی کوردستان لە 16 ئۆکتۆبەر، زۆر جیاوازە لە 31 ی ئابی پیرۆز، کە بڕیاریوو ئەوکاتیش هەولێر و کوردستان بە دەردی ئێستای کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی تر ببەن. مێژوو شاهیدە، کە مێژووی خاکفرۆشان و بێگانەپەرستی لە کەیەوە و لای کێ دەستی پێکردووە !. ئێمە هەمو هەولێکمان داوە بابەتییانە باسی ڕووداوەکان، وەك خۆیان بکەین و هەموو کەس تێکەڵ نەکەین، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێوە نەك تەنیا دەتانەوێ ڕاستییەکان پەردەپۆش بکەن، بگرە هیچ هەڵوێستێکیشتان بەرامبەر بەو هێرشە نارەوایانە نەبووە، کە بەرامبەر بە موقەدەسات و پیرۆزیی نەتەوەییمان دەکرێت و ناتوانن خۆتان لە ژێر هەژموونی تاقمێکی خۆسەپێنەر و شەڕخواز، ڕزگار بکەن، کە دژی تەبایی و یەکڕیزی و ئامانجە باڵاکانی نیشتیمانە .

ئاوای کەسیش لە پەیامی سەرۆکی حکومەت نەهاتووە دەربارەی خیانەتی شازدەی ئۆکتۆبەر، بەڵام وەڵامدانەوەی تیمی وەزاری یەکێتی، ساخکردنەوەی ئەو خیانەتەیە بە سەر ئەو تاقمەوە .

تیمی وەزاریی
پارتی دیموکراتی کوردستان لە
حکومەتی هەرێمی کوردستان
16 ئۆکتۆبەری 2020

عارف روشدی:

بکەرانی 16ی ئۆکتۆبەر لە ئاست مێژووی کوردایەتی و ویژدانی نەتەوایەتیدا ناتوانن ڕاست ببنەوە

بەهۆی 16ی ئۆکتۆبەرەوە کەرکووک داهاتی پارەی پترۆدۆلاری لەدەستدا و پرۆژەکانیشی پەکیانکەوت

ئا: شاخەوان برایم/

عارف روشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ بەهۆی 16ی ئۆکتۆبەرەوە دەسەڵاتدارانی شۆڤینیست و ئاینزاپەرست، چڕتر لە جاران سیاسەتی تەعریب و پاکتاوی نەژادی پیادە دەکەن و بەشێکی گرنگی وڵاتەکەمان، کەرکووك، خورماتوو، خانەقین، جەلەولا، قەرتەپە، مەخموور، دەشتی نەینەوا و شنگالیش کە بە خوێنی سەدان پێشمەرگەی قارەمان ڕزگارکرابوون، داگیر کرانەوە. سەبارەت بە ئەنجامدەرانیشی دەڵێ: بکەرانی 16ی ئۆکتۆبەر لە ئاست مێژووی کوردایەتی و ویژدانی نەتەوایەتیدا ناتوانن ڕاست ببنەوە.



عارف روشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێی ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، لە یادی 16ی ئۆکتۆبەردا پۆستێکی کردووە و لە بەشێکی نووسینەکەیدا ڕایگەیاند: لێکەوتەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری شەرمەزاری لەسەر ناستی نیشتیمانی بەشێکی گرنگی وڵاتەکەمان کەرکووك، خورماتوو، خانەقین، جەلەولا، قەرتەپە، مەخموور، دەشتی نەینەوا و شنگال، کە بە خوێنی سەدان پێشمەرگەی قارەمان ڕزگار کرابوون داگیرکرانەوە، ئەگەر خوڕاگری گەل و هێزە گیانلەسەردەستەکانی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە، لە پردێ و سحێلا و مەحمودیە، بەرزاییەکانی بەعشیقە و خازر، هێزەکانی داگیرکەر بە نیازی پەلامارادانی هەموو هەرێمی کوردستان بوون .

ئەو ڕاوێژکارەی مەکتەبی سیاسی پارتی دەشڵێت دەسەڵاتدارانی شۆڤینیست و ئاینزاپەرست چڕ تر لە جاران سیاسەتی تەعریب و پاکتاوی نەژادی پیادە دەکەن و لە ئەنجامدا هەزاران کوردستانی کوچبەربوون و شاڵاوی نەگریسی ڕاگواستن و تاڵان و بڕی دەستپێکردووەتەوە و ڕۆژانە بە بیانووی سواو و بڕیارەکانی سەردەمی بەعس زەویوزاری جووتیارانی کورد و گەڕەکە کوردنشینەکان ڕووبەڕووی دەستبەسەردا گرتن دەبنەوە، ڕاوەدوونان و بێبڕیزی بە پیرۆزییە نەتەوەییەکانمان لە بڕەودایە، ئاستەنگکردنی خوێندنی کوردی بە مەبەستی لەناوبردنی کولّەگەیەکی بنەڕەتی نەتەوایەتیان . هەروەها عارف ڕوشدی ڕاشیگەیاندووە لە ڕووی ئیدارییەوە هەڵمەتی پاکتاوی ئیداری و دوورخستنەوەی بەرپرسە کوردەکان لە هەموو بەرپرسیاریەتییەکی هەستیار بە تایبەتی لە بواڕە ئەمنیەکاندا و لە بواری سەربازیشدا دوورخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەڕەوەی هەرێم بە تایبەتی کەرکووك و لە ئەنجامدا گەلەکەمان لەو دەڤەرانەدا بێ پشت و پەنا مایەوە و ڕووبەڕووی کردەوە تیرۆریستییەکان دەبنەوە، تا ئێستاش دەیان هاوڵاتی سڤیلی بێگوناە شەهید و بریندارببوونە .

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی باس لە زیانە ئابوورییەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەکات و دەڵێ: لە بواری ئابووریدا لە دەستدانی داهاتی بیرە نەوتەکانی بابەگورگڕ و و عەینزالە و باڵکێشانی هەژاری و نەداری بەسەر چین و توێژەکانی کوردەواریدا و بێبەشکردنی کەرکووك لە داهاتی پترۆ دۆلار کە مانگانە ١٠ ملیۆن دۆلاری پێ دەبڕا و پەککەوتنی دەیان پڕۆژەی ئاوەدانی .سەبارەت بە ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەر و چارەنووسی ئەنجامدەرانی، عارف روشدی ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دەڵێ: لە ڕاستیدا ١٦ی ئۆکتۆبەر کارەساتێکی نیشتمانی جەگڕبڕ بوو، بکەرەکانی ناتوانن لە ئاستی مێژووی کوردایەتی و ویژدانی نەتەوایەتیدا ڕاست ببنەوە.

سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین:

پڕۆژەکانی سەرۆکوەزیرانی کوردستان دڵی هاووڵاتیانی دەڤەرەکەی خۆش کرد



نـاسر ئیسـماعیل، ئابووریناس، بـە ماڵپـەڕی فەرمیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی گـوت، ئـەو پڕۆژانـەی لـە ڕانیـە خرانـە واری جێبەجێکردنـەوە گرنگیـی تایبەتیـان هەیـە بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و بنیاتنانـی ژێرخانـی ئاوەدانـی و بەرزکردنـەوەی هەڵـی کار و، داخـوازی گرنگـی هاووڵاتییـان بـوو. ئامـاژەی بـەوە کـرد: بەهـۆی خەراپیـی ڕێگاوبانـەوە لـە ڕانیـە کـە گەشـتیاران دەهاتنـە سـنوورەکە زۆر جـار لێیـان تێکدەچـوو بڕۆنـەوە، بۆیـە تەواوکردنـی جووتسـایدی ڕانیـە گرنگـە و پـڕۆژەی پـردی دەربەنـدی ڕانیـە پڕۆژەیەکـی گرنگـە و هاووڵاتییەکـی زۆر خەریکـی کەسـابەت و بازرگانیـن لـەو سـنوورە، یەکێـك لـە گرنگتریـن ڕێگاکانـی بنیاتنانـی ژێرخانـی ئابـووری، دروسـتکردنی پـردە.

ئـەو ئابووریناسـە ئامـاژە بـەوە دەکات، دەسـتپێکردنی کۆمەڵێـك پڕۆژە لـە ڕانیـە وا دەکات پارەیەکـی زۆر بێتـە نـاو بـازاڕ و جوواڵـە بکەوێتـە بـازاڕەوە و هەڵـی کار لـە زۆربـەی بـوارەکان دەسـتەبەر ببێـت.

هیـوا قەرەنـی، سەرپەرشـتیاری ئیـدارەی ڕاپەڕینیـش بـە ماڵپـەڕی فەرمیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ڕاگەیانـد: لـە سـەردانی بـۆ ئیـدارەی ڕاپەڕیـن مـەسرور بارزانـی، سـەرۆکوەزیرانی کوردسـتان کۆمەڵێـك پـڕۆژەی گرنگـی خسـتە واری جێبەجێکردنـەوە، لـە دانانـی بـەردی بناخـەی پـردی دەربەنـدی ڕانیە، دەسـت بـە کارکردنـەوە لـە دوو پـڕۆژەی ڕێگاوبـان لـە جووتسـایدی ناوشـاری ڕانیـە و ڕێـگای ٦٠ مەتریـی قـەڵادزێ، لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی دوو پـڕۆژەی نـوێ بـە تەرخانکردنـی ملیاریـك و ٥٠٠ ملیـۆن دینـار بـۆ نۆژەنکردنـەوەی قوتابخانەکانـی سـنووری ئیـدارەی ڕاپەڕیـن، لەگـەڵ تەرخانکردنـی ملیاریـك و ٣٠٠ ملیـۆن دینـار بـۆ نۆژەنکردنـەوەی سـەنتەرێکی ژێرپەنجـەی مەمـك.

هیـوا قەرەنـی ئامـاژەی بـۆ ئـەوەش کـرد: تـەواوی ئـەو پڕۆژانـەی خراونەتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە داواکاریـی هاووڵاتییانـی سـنوورەکەمان بـوون و بووەتـە جێگـەی دڵخۆشـی لەلایـەن هاووڵاتییانـەوە و بـە ئومێدەوە دەڕوانێـە ئـەو هەنـگاوە، پێـان وایـە دەروازەیەکـی نوێتـرە لـە لالێکردنـەوە و خزمەتکردنـی خەڵکـی ناوچەکـە لەلایـەن ئەنجومەنـی وەزیرانـی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە، پـڕۆژەکان بـۆ ئێستای ئیـدارەی ڕانییـە لـە پـڕۆژە گرنگـەکان بـوون. دەشـڵێ: هاتنـی سـەرۆکوەزیران بـۆ ئیـدارەی ڕاپەڕیـن و جێبەجێکردنـی چەندیـن پـڕۆژە ئـەو دوودڵییـەی لابـرد کـە جیـاوازی بکرێـت لـە نێـوان ناوچەکانـدا لـە جێبەجێکردنـی پـڕۆژەکان، پێویسـتە بـەردەوام بەپێـی باشـبوونی دۆخـی داراییـی حکوومەتـی هەرێـم پـڕۆژەی جیـا جیـا لـە ئیـدارەی ڕاپەڕیـن بخرێنـە واری جێبەجێکـردن بـۆ خزمەتکردنـی هاووڵاتییانمان.سەرپەرشـتیاری ئیـدارەی ڕاپەڕیـن دەشـڵێت: لـە میانـەی سـەردانەکەیدا بـۆ ڕانییـە کۆمەڵێـك پـڕۆژە و داواکاریـی تریشـمان ئاڕاسـتەی بەڕێـز مـەسروور بارزانـی، سـەرۆکوەزیران کـرد کـە لـە ئاینـدەدا بخرێنـە بەرنامـەی کاری حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە، تاکـو ئـەو ناڕەزایـی و کێشـانەی لـە سـنوورەکەدا هەیـە کۆتاییـیان پێبێـت.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

(ڕادیۆی دهۆک) وەک کەناڵێکی ڕاگەیاندنی حەقبێژ دەستکەوتێکی گرنگی پارتیمان بوو

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بـۆ (٢٨)ەمین سـاڵیادی دامەزراندنی ڕادیـۆی دهـۆك پەیامێکـی پیرۆزبایـی بڵاوکـردەوە، کـە ئەمـە دەقەکەیەتی:

بەڕێزان بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی ڕادیۆی دهۆك..

ئەمـڕۆ (٢٨)سـاڵ بەسـەر دامەزراندنی(ڕادیـۆی دهـۆك) تێپەڕدەبـێ، بـەو بۆنـەوە پیرۆزبایـیەکی گـەرم ئاراستەی ئێـوەی بەڕێـز و بیسـەرانی ڕادیـۆ ئازیزەکەتـان دەکەیـن و، هیـوای بەردەوامـی و پێشـکەوتنی زیاترتـان بـۆ دەخوازیـن.

دامەزراندنـی (ڕادیـۆی دهـۆك) وەك کەناڵێکـی ڕاگەیاندنـی حەقبێـژ لـەو دەڤـەرە خۆشەویسـتەی کوردسـتاندا، بڕیـار و دەسـتکەوتێکی گرنگـی پارتیمـان بـوو و، بەردەوامبـوون و پەرێـزی پڕەسـتکەوتی چەندیـن ساڵەشـی لـە خزمەتکردنـی هاووڵاتیـان و گەیاندنـی پەیامـە نەتەوەیـی و نیشـتمانیەکانمان شانبەشـانی کەناڵەکانـی دیکـەی ڕاگەیانـدن لـە ڕێـی بەرنامـە و پڕۆگرامەکانیـەوە، مایـەی سـوپاس و دەستخۆشـییە. لـەم یـادەدا جارێکـی دیکـە پاڵپشـتی و پشـتیوانی تـەواوی خۆمـان بـۆ ڕادیـۆی دهـۆك دووپـات دەکەینـەوە و هیواداریـن وەکـو هەمیشـە دەنگـی خواسـت و داواکاریەکانـی هاووڵاتیـان بێـت و پێشـکەوتن و سـەرکەوتنی زیاتـر لـە کارەکانتـان بەدەسـت بێنـن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٢٠/١٠/١٤

دهۆک.. لە پێنج ئۆقەڕپاس و ئەندەڕپاس سێیان تەواوبوون و ئێستا بەکاردەهێندرێن



قایمقامـی قـەزای ناوەندیـی دهـۆك ڕایگەیانـد، پێنـج ئۆقەڕپـاس و ئەندەڕپـاس لـە دهـۆك دروسـت دەکرێـن و لـە ئێستاشـدا سـێ لەوانـە تـەواو بـوون و دووەکـەی دیکـەش کاریـان تێـدا دەکرێـت. جەهـوەر عەڵـی، بـۆ ماڵپـەڕی فەرمیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گوتـی: لەنـاو پارێـزگای دهـۆك دروسـتکردنی پێنـج ئەندەڕپـاس و ئۆقەڕبـاس بەردەوامـە و لـە ئێسـتادا سـێ لەوانـە تـەواو بـوون و ئێسـتا بـەکار دەهێندرێـن و شـوفێران هاتوچـۆی پێـدا دەکـەن، ئەمـەش ئاسـانکارییەکی زۆری بـۆ هاووڵاتیـان کردووە بـۆ هاتوچۆکـردن، چونکـە پێشـتر خەڵـك، بـە تایبـەت شـوفێران، هاتوچۆیـان هەندێـك زەحمـەت بـوو بـەو ڕێگایـەدا و بۆیـان ئاسـان کـراوە.

قایمقامـی قـەزای ناوەندیـی دهـۆك گوتیشـی: ئـەو دووەکـەی دیکـەش کاری بەردەوامیـان تێـدا دەکرێـت تاوەکـو ئەوانیـش تـەواو دەبـن و دەکەونـە خزمـەت هاووڵاتیانـەوە.

بەڕپرسی لقی 16 دەستخۆشی لە فەرمانگەو یەکە ئیدارییەکانی سنووری قەزای دەشتی هەولێر دەکات



بەمەبەسـتی لـە نزیکـەوە ئاگادارببـوون لەچۆنیەتـی بەڕێوەچوونـی ئیـش و کارەکانـی هاوڵاتیانـی سـنوورەکە لـە داموەدەزگاکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە قـەزای دەشـتی هەولێـرو ئـەو گیروگرفـت و پێداویسـتییانەی کەبوونەتـە لەمبـەر بـۆ کارئاسـانی زیاتـری هاوڵاتیـان، بڵنـد ئیسـماعیل بەڕپرسـی لقـی ١٦ ی هەولێـری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەیـاوەری چیـا محەمـەد هەرکـی کارگێـڕی لـق و بەڕپرسـی لێژنـە ناوچەکانـی نـەورۆزو بنەسـڵاوە سـەردانی هەریەکـە لـە قایمقامیـەت و بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیـس و بەڕێوەبەرایەتـی کارتـی زانیـاری و بەڕێوەبەرایەتـی کارتـی نیشـتمانی و بەڕێوەبـەری پـەروەردەی دەشـتی هەولێـری کـردوو بەگەرمی پێشـوازیلێکرا.

لـە میانـی سـەردانەکانیدا بەڕپرسـی لقـی ١٦ ی هەولێـر وێـڕای دەسـتخۆشی لـە فەرمانگـەو یەکـە ئیدارییەکانـی سـنووری قـەزای دەشـتی هەولێـر کـە بەوپـەڕی دڵسـۆزی و لەخۆبردووییـەوە دریغییـان نەکـردووە لـە ڕاپەڕاندنـی ئیـش و کارەکانـی هاونیشـتمانیانی سـنووورەکە، لـە کێشـەو گیروگرفـت و پێداویسـتییە خزمەتگوزارییەکانـی خەڵکـی دەڤەرەکـەی پرسـییەوە لەپێنـاو چارەسـەرکردنیان و دانانـی میکانزمێکـی بـاش کـە بەهۆیانـەوە خزمەتـی زیاتـر بـە هاووڵاتیانـی سـنوورەکە بکرێـت کـە ئەرکـی هـەرە لەپێشـینەمان گەیاندنـی خزمەتگـوزاری و دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی زیاتـرە بـۆ هاوڵاتیـان و جێبەجێکردنـی پـڕۆژە خزمەتگوزاریـەکان و ڕاپییکردنـی ئیـش و کاری ڕۆژانەیـان.

لـە بەشـێکی دیکـەی سـەردانەکانیدا لایەنـە پەیوەندیدارەکان بەشـێك لـە کارو پڕۆژەکانیـان خسـتەڕوو بـە مەبەسـتی خزمەتکردنـی هاونیشـتمانیانی سـنوورەکەو کارئاسـانی تـەواو بـۆ ڕاپەڕاندنـی ئیـش و کارەکانـی هاوڵاتیـان و پێشـکەشـکردنی ڕێنمایـی تەندروسـتی و خۆپارێـزی بـەردەوام لـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا لەکاتـی سـەردانیکردنی فەرمانگـەو دامەزراوەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو شـوێنانەی کـە بەریەککەوتنـی تێـدا زۆرە بـۆ ڕاسـتنی گیانـی خۆیـان و خانەوادەکانیـان.

وەزارەتی کارەبا: بەهۆی چاکسازیی لەکێڵگەکانی غازی کۆرمۆر بۆ دوو کاتژمێر کارەبا کەمدەبێتەوە

وەزارەتـی کارەبـای هەرێمـی کوردسـتان ڕایدەگەیەنێـت سـبەینێ (ئەمـڕۆ) بەهـۆی چاکسـازی لەکێڵگەکانـی غـازی کۆرمـۆر بـۆ دوو کاتژمێـر کارەبـا کەمدەبێتـەوە

وەزارەتـی کارەبـا ڕایگەیانـدووە: هاوبەشـانی کارەبـا ئـاگادار دەکەینـەوە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/١٠/١٨ لەکاتژمێـر ٨ی بەیانـی یـەوە تاوەکـو ٤ی ئێـوارە گۆڕانکاریـی دوو کاتژمێـر لەبەرنامـەی پێدانـی کارەبـا دەبێـت، ئەمـەش بەهـۆی ئـەو چاکسـازیی و کاروبـاری چاککرنـەوە کـە کۆمپانیـای دانەغـاز لـە کێڵگەکانـی کۆرمـۆر ئەنجامـی دەدات وەکـو پڕۆسـەیەکی خۆئامادەکـردن بـۆ وەرزی زسـتان، کـە بەهۆیـەوە بـڕی ٨٠٠ مێـگاوات بەرهەمهێنانـی کارەبـا کـەم دەکات. ڕاشـیگەیاندووە، کـە وەزارەتمـان لەگـەڵ وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان لەسـەر هێڵـە بـۆ ئـەوەی سـێ سـایلۆ و لـە سـلێمانی چـوار سـایلۆ هەیـە کـە ئەمـەش بەشـی هەڵگرتنـی گەنمـی جووتیـاران ناکات.

دەشـڵێت: بـۆ گرنگیـدان بـە بەرهەمـی جووتیـاران و پاراسـتنی گەنـم وەك سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی خـۆراك و ئاسایشـی نەتەوەیـی، حکوومەتـی هەرێـم پێنـج سـایلۆی نـوێ دروسـت دەکات.

هێمـن سـەید مـوراد بـە ماڵپـەڕی فەرمیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی ڕاگەیانـد: ئێسـتا لـە هەولێـر یـەك سـایلۆ و لـە دهـۆك بەڕێوەبـەری چاودێریـی بازرگانیـی هەولێـر ڕایگەیانـد، بـۆ گرنگیـدان بـە بەرهەمـی جووتیـاران و پاراسـتنی گەنـم وەك سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی خـۆراك و ئاسایشـی نەتەوەیـی، حکوومەتـی هەرێـم پێنـج سـایلۆی نـوێ دروسـت دەکات کـە لـە سـەرجەم شـارەکانی کوردسـتان و کەمبوونـەوەی پەسـتانی غـاز تەنیـا بـۆ دوو کاتژمێـر کارەبـا کاریگەریـی لەسـەر هاوبەشـانی کارەبـا هەبێـت.

وەزارەتـی کارەبـا ئامـاژە بـەوەش دەکات کـە دوای تەواوبوونـی پڕۆسـەی چاکسـازیی لەکێڵگەکانـی کۆرمـۆر وەزارەتـی کارەبـا لەڕێگـەی تیمەکانـی کۆنتـرۆڵ و وێسـتگەکانی کارەبـاوە کار بـۆ ئاسـایکردنەوەی دۆخەکـە دەکات.



حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێنج سایلۆی نوێ دروست دەکات

بەڕێوەبـەری چاودێریـی بازرگانیـی هەولێـر ڕایگەیانـد، بـۆ گرنگیـدان بـە بەرهەمـی جووتیـاران و پاراسـتنی گەنـم وەك سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی خـۆراك و ئاسایشـی نەتەوەیـی، حکوومەتـی هەرێـم پێنـج سـایلۆی نـوێ دروسـت دەکات کـە لـە سـەرجەم شـارەکانی کوردسـتان و بەگوێـرەی پێویسـتی شـارەکان و ژمـارەی جووتیـاران و قەبـارەی سـایلۆکان دەبێـت. ئامـاژەی بـەوەش دا: لـە مـاوەی چەنـد مانگـی داهاتـوودا سـایلۆیەکی دیکـە لەسـەر ڕێـگای قوشـتەپە دەخرێتـە خزمـەت جووتیارانـی سـنووری پارێـزگای هەولێـر بـەم شـێوەیەش ژمـارەی سـایلۆکانی هەولێـر دەبنـە دوو سـایلۆ.

تەندروستیی سلێمانی:

دۆخەکە مەترسیدارە و نەخۆشخانەکانمان پڕ لە نەخۆشن

گوتەبێژی تەندروستی سلێمانی رایدەگەیەنێت، دۆخی ئێستا سلێمانی لەرووی تووشبووان و گیان لەدەستدان بە کۆرۆنا مەترسیدارە، ئێستا ٢١٨ تووشبووی کۆرۆنا لەژێر چاودێری پزیشکیدان و تەندروستی ٤٠ تووشبووشیان ناجێگیرە.

یاد نەقشبەندی، گوتەبێژی تەندروستی سلێمانی بە کوردستان٢٤ی راگەیاند: لە ٢٤ کاتژمێری رابردوو ٩ کەس بەهۆی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستداوە، دۆخەکە مەترسیدارە و نەخۆشخانەکانمان پڕن لە نەخۆش، چونکە ئەوانەی ئێستا تووشی کۆرۆنا دەبن وەک پێشتر نییە دوای چەند رۆژێک نەخۆشخانە جێبهێڵن، بەڵکو نەخۆشمان هەیە بۆ ماوەی ٢٠ تا مانگێک لە نەخۆشخانە دەمێننەوە، ئەمەش وایکردووە نەتوانین هەموو نەخۆشێك وەربگرین.



گوتەبێژی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی:

چوار هەزار کۆمپانیای بیانی تۆمارکراون



نزیکەی چوار هەزار کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون و گوتەبێژی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانییش دەڵێ، ئەو کۆمپانیایانەی پێشتر بە هۆکاری شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و کۆرۆناوە گەڕابوونەوە وڵاتەکانیان، ئێستا دەگەڕێنەوە کوردستان.

فەتحی محەمەد، گوتەبێژی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند، لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە سێ هەزار و ٨٠٠ کۆمپانیای بیانی هەن و ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی بەرچاو لەو کۆمپانیا بیانیانە بە هۆکاری شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و دواتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گەڕابوونەوە وڵاتەکانیان.

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (عین الخضیری) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل و ئامێرە قورسەکان/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/١١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (لاوان شیروان انور) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٩١٨
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Home Line)
بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Home Line) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (ئەوین علی محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Home Line) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ ئەوین علی محمد
ناونیشان/ هەولێر/ اسکان
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٢٠٤٥٩٨

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٦١٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GRASS GARDEN) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GRASS GARDEN) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (دەشتی واحد نادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (REAL NET) بۆ (خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ کاسترو غازی رسول
ناونیشان/ هەولێر
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٧٩٩٢١

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٧٤٧
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (REAL NET)
بۆ (خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (REAL NET) بۆ (خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (کاسترو غازی رسول) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ANZU WINGS) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - گەنجان ستی - ٢١٥)
پاکتاوکار/ محمود فرید عبدالکریم
ناونیشان/ هەولێر / گەنجان ستی
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٩٨٥١٨

دادای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ٣٢١١/ب/٢٠١٩/٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان (دلشاد شیخ محمد
حمد ٢- نازنین شێخ محمد حمد)
داواکار (غازی رشید حسن و ازاد رشید حسن و کلیزار رشید حسن) داوای ژمارە (٣٢١١/ب/٢٠١٩/٦) لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە تعدیل کردن و راستکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٢٠٣٩/ب/٢٠١١) وە لابردنی ناوی ئەوانەی کە میراتگرنین و وتومارکردنی ناوی داواکاران وەک میراتگری راستەقینەی (امین رحمان بایز) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ٢٠٢٠/١١/٢٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادوەر/ سیروان خضر مصطفی
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:١٩٠٠/ب/٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠٢٠/١٠/٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان (محمود عبدالقادر عبدالله) وە (نادر عبدالقادر عبدالله) وە (رمزیە میرزا حسن)
داواکار (حاجی حسن دزەیی) داوای ژمارە (١٩٠٠/ب/٢٠١٨/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (محمود عبدالقادر عبدالله) وە (نادر عبدالقادر عبدالله) وە (رمزیە میرزا حسن) وە لەبەر ئەوەی شۆینی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەکی (هەولێر/ گەرەکی راستی) لە ٢٠٢٠/٨/٢٤ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/٢٧) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
* * *
فەرمانگەی دانوسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٢٥٧١/٧
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٤
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر دارا عبدالرحمن شیخ بزینی
بریکاری گشتی کاروان اکرم محمدامین)
هۆشدار لێکراو: (هاورێ عادل حسین)
بەرێزتان لە فەرمانگەی دادنوسی دارتوو هۆشداریتان ناراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر دارا عبدالرحمن شیخ بزینی بریکاری گشتی کاروان اکرم محمدامین) بە ژمارە (٥٤/١٠٧٨٢) لە ٢٠٢٠/١٠/١٢ بەمەبەستی هۆشداری کردنت سەبارەت بە نەدانی کرێی خانووی ژمارە (١/٣٨٨٨) کەرتی ٩٤ باداوە کە کرێی مانگەکانی (ئازار و نیسان و ئایار حوزیران و تموزو ئاب و ئەیلول و تشرین یەکەمی) سالّی ٢٠٢٠ نەداوە کە کۆی گشتی دەکاتە ٢,٨٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار دیناری عیراقی) لەبەر ئەوەی شۆینی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی فەرمانبەران لەشاری هەولێر لە ٢٠٢٠/١٠/١٣ بۆیە بەفەرمی لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بڵاوەدەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٥٢
رێکەوت: ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٨)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی (دروستکردنی پارکێک لە شارەوانی هەرێر/ قەزای شەقلاوە/ پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەک لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێک وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەک شەممە) رێکەوتی ١ / ١١ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت، وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە، فرۆشتنی تەندەر لە کاتژمێر ٩ی بەیانی تا (١) نیوەرۆ دەبێت.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا لە پلە (٤) کەمتر نەبێت وە نوێ کراوە بێت.
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت نوێ کراو بێت بۆ سالّی ٢٠٢٠.
- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٣٩,٠٠٠,٠٠٠ سی و نۆ ملیۆن دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان).
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.
تێبینی/ دوو رۆژ پێش کردنەوەی تەندەر نافرۆشرێت.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١١٣٦٥
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Beautiful Line)
بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Beautiful Line) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

دانة غاز
DANAGAS
Crescent Petroleum

Job Announcement	
Position Title	**Instrument Technician**
Direct Supervisor	Maintenance Supervisor – Instrumentation
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Qader Karam
Ref: IT/M/Oct/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Executes all instrument planned and corrective maintenance on Khormor's installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes Loop checks and performs calibration and strong knowledge off PLC controllers and its related appurtenances in accordance with operational procedures. Troubleshoots and fault finding on instrumentation equipment/systems and on instrumentation and controls. Assists in undertaking planned and corrective maintenance activities. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Instrumentation.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS
Work Responsibilities
1. Adheres to technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
2. Ensures all lifesaving, firefighting and emergency systems are well maintain and are ready for immediate use.
3. Conversant and compliant with the Company's Integrated Management System
4. Understands implements and supports Khormor's maintenance strategy and philosophy.
5. Administers maintenance programs using SAP software programs and in close coordination with the maintenance planning and scheduling processes.
6. Adheres to, implements and maintains full control of the Khormor Permit to Work system.
7. Participates in Task Risk Assessments, incident investigations, safety meetings, toolbox meetings, emergency response exercises/drills.
8. Acts as a team player in the multifunctional operations and maintenance team.
9. Maintain proper housekeeping.
10. Develops cross-discipline multi-tasking within Production Operations and Maintenance group activities.
11. Troubleshoots Instrument and related problems both independently and in liaison with vendor specialists.
12. Assists and guide third party inspections and E-repair services.
13. Participates in the Emergency Response organization as required (this may include responsibilities in Search & Rescue and Fire Fighting.
14. Contributes to development and implementation of procedures and work instructions for the completion of I-related tasks.

Verification and Calibration
15. Checks the functionality of equipment and measuring instruments and test the instrument for calibration in accord with allowable limits and standards.

Repair of Equipment
16. Dismantles, repairs, resembles, inspects and tests equipment that has been repaired as requested.

Reporting and Communication
17. Reports to the Maintenance Supervisor – Instrumentation on all issues relating own responsibilities.
18. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
19. Conducts studies to identify areas for improving facilities on a continuous basis in order to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Maintenance Supervisor – Instrumentation - Company	Frequent/daily
Maintenance Superintendent – Company	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Instrumentation and process control Technical institute level educated

Minimum Professional Experience Required

At least 5 years' experience in the oil & gas industry. Be in the possession of any necessary certification to operate calibration and PLC equipment

Supervisory Responsibility

-

Special Requirements and Conditions


Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and staircases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment
Additional Safety training is required, depending on the actual position of the I-technician within the emergency response teams. This could include First Aid, Man Down, High Angle Rescue, Fire Team Member/Leader

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent communication skills • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Stress tolerance	• Able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of crew is not jeopardized. • High team spirit awareness • Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work • Problem solving • Ability to integrate across functions and ability to learn	• Sound understanding of Maintenance/Operations as it relates to the safe & efficient production of natural gas • Sound computer skills in Microsoft Office • Working knowledge of maintenance management systems (such as SAP) and Integrity (risk based) maintenance procedures • Analytical skills to identify and resolve E/I- problems. • Total Loss Management training requirements • Full awareness of emergency response plans • High cost efficiency awareness level • Working knowledge of Natural Gas Production Gas Processing and associated Utility Systems

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **25 October 2020**:
1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR
e-Mail it to us at**:** **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference, which is Instrument Technician, Ref: IT/M/Oct/20)



ئەمەریکا

ئەو ویلایەتانەی جەنگی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یەکلا دەکەنەوە

تا : هەندرێن شێرزاد

لە چەند رۆژی رابردوودا دۆنالد ترامپ و جۆ بایدنی کاندیدی دیموکراتەکان سەردانی ویلایەتەکانی ویسکۆنسن و مینیسوتا و ئەریزۆنا و ئایوایان کرد، ئەوان هەوڵیان دا ژمارەی زیاتری دەنگدەر بۆ لای خۆیان رابکێشن. ئەوەی لێرەدا مایەی پرسیار و سەرنجە ، ئاخۆ ئەوان لەبەرچی ئەم ویلایەتانەیان دەستنیشان کرد و بایەخی ئەوتۆیان بە ویلایەتەکانی دیکە نەدا کە ژمارەی دانیشتوانیشیان زیاترە و لە هەڵبژاردندا خاوەنی سەنگی زۆرن، دەبێ بزانین کە ئەم ویلایەتانە بە ویلایەتی ناسەقامگیر یان گۆڕەپانی سەرەکی شەڕ ناو دەبرێن و ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنیان تێدا یەکلا دەبێتەوە.

ڕاپرسییەکان چ دەڵێن ؟

رۆژی ٣ ی تشرینی دووەمی داهاتوو ، ئەمەریکییەکان روو دەکەنە بنکەکانی دەنگدان و بڕیار ئەدەن ئاخۆ لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا ترامپ لە کۆشکی سپی دەمێنێتەوە یان بۆ جۆ بایدن بەجێی دێڵێ ، لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەم وادەیەش ، ئاستی پێوانی مەزاجی گەلی ئەمەریکا روو لە بەرزبوونەوە دەکات لە ڕێگەی ئاراستەکردنی ئەو پرسیارە لە دەنگدەران : کامە کاندید بە باشتر دەزانی؟ ئەگەرچی ئەو ڕاپرسیانەی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا ئەنجام دەدرێن – هەر پەنجا ویلایەتەکەی ئەمەریکا- بەڵگەی گرنگن سەبارەت بە ڕێژەی چەماوەری کاندیدان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە ئەم ڕاپرسیانە ڕێگەی گونجاو بن بۆ پێشبینیکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ، بۆیە زۆر کەس ئەم ڕاپرسیانە وەك فێلێك لە قەڵەم دەدەن و نموونەی زۆریش دێننەوە ، لەوانە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٦ ی ئەمەریکا هیلاری کلینتۆنی بەرێژەی دیموکراتەکان لەسەر ئاستی نیشتمانیدا زیاتر لە ٢ ملیۆن و نیو دەنگی زیاتر لە ترامپ وەدەست هێنا بەڵام لە کۆتاییدا شکستی هێنا و دۆڕا . هەروەها هەمان ئەو حالەتە تا ئێستاش لە مێژووی ئەمەریکادا چوار جاری دیکە دووبارە بۆتەوە، نزیکترینیان ساڵ گۆڕی کاندیدی دیموکراتەکان و جێگری بیل کلینتۆن بوو کە ئەگەرچی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا نیو ملیۆن دەنگی لە جۆرج دەبلیو بوشی کاندیدی کۆماریەکان زیاتر بوو ، بەڵام بوش لە کۆمەڵی هەڵبژاردن دەنگی زیاتری وەدەست هێنا و لە کۆتاییدا ئەو بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا.

دەربارەی کۆمەڵی هەڵبژاردن

سیستمێکی تایبەت بە هەڵبژاردنە و ئەمەریکا پشتی پێ دەبەستێ و ٥٣٨ دەنگدەری هەیە کە بەسەر ٥٠ ویلایەت و پایتەختی واشنتۆن دابەش دەکرێن ، بۆیە هەر کاندیدێك ٢٧٠ دەنگی ئەو سیستمە وەدەست بێنێ ئەو سەردەکەوێ، ئەوەی مایەی سەرنج و تێبینیشە مەرج نیە هەموو جارێك ئەو کاندیدانەی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا وەدەست بێنێ بڕاوەی هەڵبژاردن بۆ سەبارەت بە بابەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیش ، دەستووری ئەمەریکا تەنیا باسی چۆنیەتی پێکهێنان و کاری کۆمەڵی هەڵبژاردن کراوە کە لە کۆتاییدا و لە چوارچێوەی سیستمی دەنگدان بە دوو قۆناغ سەرۆك هەڵدەبژێرێ. ئەم سیستمەش ئەنجامی کۆمەڵێك گفتوگۆ و پرۆسەی یەکلاکەرەوە بووە ، دوای شکستهێنانی بیرۆکەی هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێس ،ئەمەش بەهۆی بەریەککەوتن لە نێوان جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان .

ئالییەتی کارکردن

بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی کۆنگرێس ، لە ئەمەریکا سەرۆك و جێگرەکەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵنابژێردرێن ، بەڵکو لە ڕێگەی نوێنەری دیکە و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا کە پێی دەوترێ کۆمەڵەی هەڵبژاردن ، کاتێك دەنگدەران ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە دەنگ بۆ بەرژەوەندیی کاندیدێکی سەرۆکایەتی دەدەن ، لە ڕاستیدا ئەوان دەنگ دەدەن بە لیستێکی نوێنەران کە لە ویلایەتەکانیاندا نوێنەرایەتی ئەو کاندیدە دەکەن. لە هەر ویلایەتێکی ئەمەریکاشدا ژمارەیەکی دیاریکراوی نوێنەران لە کۆمەڵگەی هەڵبژاردن هەن و ژمارەیان بە گوێرەی کۆی ژمارەی ئەو کۆنگرێسمانانە دەبێ کە نوێنەرایەتی ئەم ویلایەتە دەکەن. بۆ نموونە ، ویلایەتێکی وەك کالیفۆرنیا کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەس دەبێ ، لە کۆمەڵی هەڵبژاردندا خاوەنی تەنیا ٥٥ دەنگە و خاوەنی دوو ئەندامی ئەنجومەنی پیران و ٥٣ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانە، لە کاتێکدا ئەگەر کاندیدێکی سەرۆکایەتی زۆرینەی دەنگی دەنگدەران لە کالیفۆرنیا مسۆگەر بکات ،ئەو کاتە تەنیا ٥٥ دەنگی کۆمەڵی هەڵبژاردنی وەدەست هێناوە. سەبارەت بەو ویلایەتانەش کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە ، وەك ویلایەتی ساوس داکوتا کە ژمارەی دانیشتوانی ٨٥٨ هەزار کەسە ، لە کۆمەڵی هەڵبژاردندا خاوەنی تەنیا ٣ دەنگ و دوو ئەندامی ئەنجومەنی پیران و یەك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانە.

لە نێوان جێگیریی و ناسەقامگیریدا

بە درێژایی ئەمساڵ ، لە ڕاپرسییە نیشتمانیەکاندا بایدن لە پێشەوەی ترامپ بوو و لەو چەند مانگەی دواییدا ڕێژەی پشتگیریی نزیکەی ٥٠٪ بوو بەرامبەر ٤٢٪ بۆ ترامپ، لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٦ چەند خاڵێکی کەم لەنێوان هیلاری کلینتۆن و ترامپ هەبوو ، سەرەڕای ئەمەش ئەمە بایدن و لایەنگرانی دۆنیا ناکات ، چونکە دەزانن لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦ دا هیلاری کلینتۆن لە دواساتدا بۆی دەرکەوت کە گرنگیی ژمارەی دەنگی لایەنگران لەسەر ئاستی نیشتمانی زۆر کەمترە لەو ویلایەتەی کە تیایدا ئەم دەنگانە وەدەست دێنێ. بەو پێیەش کە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکا هەمیشە بە هەمان شێوە دەنگ دەدەن ، بە واتای ئەوەی ئینتیمای حزبی تا ڕادەیەکی زۆر بە جێگیریی دەمێنێتەوە ، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵێك ویلایەتی کەم هەن کە تیایاندا ئاراستەی دەنگدان دەگۆڕێت و دواتر هەر ئەوان دەبنە کلیلی سەرکەوتنی ڕاستەقینە بۆ یەکێك لە کاندیدەکان.

ململانێی نێوان سوور و شین

بە گوێرەی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ،دەنگدەرانی ١٣ ویلایەتی باشوور و ڕۆژئاوای ناوەڕاست کە ڕەنگی سووریان بۆ دانراوە ،ئینتیمای تەواویان بۆ پارتی کۆماری هەیە و بە زۆریش کاندیدی ئەو پارتە لەم ویلایەتانە سەرکەوتنیان بەسەر کاندیدی پارتی دیموکرات وەدەست هێناوە کە ئەمانەن: ئالاباما ، ئەرکنسۆ ، ئیداهۆ ، کینتاکی ، لویزیانا ، میسیسیپی ، نبراسکا ، نۆرس داکۆتا ، ساوس داکۆتا ، ئۆکلاهۆما ، تینیسی، وێست ڤرجینیا ، وایۆمینگ.لە بەرامبەردا ٧ ویلایەت هەن کە ڕەنگی سووری کراوەیان بۆ دادەنرێ و چاوەڕێ دەکرێ کۆماریەکان تیایاندا سەرکەوتنی گەورە وەدەست بێنن کە ئەمانەن: ئالاسکا ، ئیندیانا ، کنساس ، میزوری ، مۆنتانا ، ساوس کارۆلاینا ، یوتا.

لەوەلاش ١٤ ویلایەت هەن لە باکوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەمەریکا کە لەسەر نەخشەی هەڵبژاردندا ڕەنگی شینیان بۆ دادەنرێ و ئینتیمای تەواویان بۆ کۆماریەکان هەیە و هەمیشە کاندیدی ئەوان بڕاوە دەبێ تیایاندا کە ئەمانەن: کالیفۆرنیا ، کۆنیکتکت ، دیلاویر ، هاوای ، ئیلینۆی، مێریلاند ، ماساچوستس ، نیوجێرسی ، نیو مێکسیکۆ ، نیویۆرك ، ئۆریگۆن ، ڕۆد ئایلاند ، واشنتۆن ، ڤێرمۆنت و واشنتۆن دی سی پایتەخت. چوار ویلایەتی دیکەش هەن کە لەسەر نەخشەی هەڵبژاردن ڕەنگی شینی کراوەیان بۆ دادەنرێ و چاوەڕێ دەکرێ کاندیدی دیموکراتەکان تیایاندا سەرکەوتن مسۆگەر بکات کە ئەمانەن: کۆلۆرادۆ ، مایەن ، نیڤادا ، ڤێرجینیا.

گۆڕەپانی جەنگ

لە نێوان هەردووك ڕەنگی سوور و شیندا ، چەند ویلایەتێك هەن کە بەراستی ئەنجامی هەڵبژاردن یەکلا دەکەنەوە و پێیان دەوترێ ویلایەتە ناسەقامگیرەکان و لەسەر نەخشەی هەڵبژاردن ڕەنگی خۆڵەمێشیان بۆ دادەنرێ و لە ڕووی سیاسیەوە دابەشبوون و جیاوازیان پێوە دیارە و بە گوێرەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی هەر جارێك دەنگ بە کاندیدی پارتێك دەدەن ، ئەوانیش : ئەریزۆنا ، جۆرجیا ، نۆرس کارۆلاینا و تێکساس و ئۆهایۆ و ئەیوان کە زیاتر بەلای کۆماریەکاندا دەشکێنەوە و ساڵی ٢٠١٦ ترامپ سەرکەوتنی گەورەی تێدا وەدەست هێنا ، ئێستا بوونەتە مایەی نیگەرانی ترامپ و ئەندامانی هەڵمەتەکەی،بە تایبەتیش کە ئەوان دەزانن لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا جیاوازی سەرکەوتنی ئەو لەگەڵ کاندیدی دیموکراتەکان لەو ویلایەتانە لە نێوان ٨ تا ١٠ خاڵ بوو ، لە ئەیوا ٦ دەنگ و لە ئۆهایۆ ١٨ دەنگ و تێکساس ٣٨ دەنگ. بە گوێرەی ڕاپرسیەکانیش بێ ترامپ لە تێکساس و ئەیوا لە نێوان ١ تا ٣٪ لە پێشەوەی بایدنە ، ئەمەش مایەی نیگەرانییە ، لە ئۆهایۆش بایدن بە ڕێژەی ٢٪ لەپێشەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکرێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ترامپ بە ڕێژەی ٥٠ ٪ سەرکەوتن وەدەست بێنێ ، بەڵام تووێژەرەوانی بواری سیاسی و سەنتەرە گشتییەکانی تووێژینەوە لە ئەمەریکا کەمتر لەو قەناعەتە دان کە دووبارە ترامپ سەرکەوتن وەدەست بێنێ ، ئەمەش بەهۆی کاریگەریەکانی ڤایرۆسی کورۆنا و داتەپینی باری ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری.

ئایا هەڵەی ڕاپرسیەکان دووبارە دەبێتەوە؟

ئەگەر چی زۆر کەس و لایەن ڕازی نین باوەڕ بە ئەنجامی ئەو ڕاپرسیانە بکەن کە ئەنجام دەدرێن ، بەو پێیەی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦ هەڵیان کرد و ترامپیش زۆر جار باسی لەمە کردووە ، بەڵام مەرج نیە ئەمە بە تەواوی ڕاست بێ ، چونکە هیلاری کلینتۆن لەسەر ئاستی نیشتمانی زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو دەنگی لە ترامپ زیاتر بوو و ڕاپرسیەکانیش ئەو هەڵانەیان ڕاست کردەوە بە تایبەتیش حیسابکردنی دەنگی سپی پێستەکان ، ئەوانەی دەرچووی زانکۆکان نین. سەرەڕای هەموو ئەوەی باسی لێوە کرا ، دانیشتوانی ئەمەریکا بەهۆی ڤایرۆسی کورۆنا و کاریگەریی لەسەر باری ئابووری هێشتا دڵنیا نین لەوەی دەنگ بەکێ دەدەن ، بەمەش ئەو بارودۆخە تا ڕۆژی دەنگدان درێژە دەکێشێ.



مانشێت

دۆپچە ڤیلە:

فرۆکەیەك لە یۆنانەوە 61 منداڵ و 40 هەرزەکاری گەیاندە فرۆکەخانەی هانۆڤەری ئەڵمانیا ، و حکومەتی ئەو وڵاتەش بەنیازە بەسەر 7 ویلایەتدا دابەشیان بکات.



ئینديپێندێنت:

لە فرۆکەخانەی لۆس ئەنجلیسی ئەمەریکا ژەنەرال سلڤادۆر سیانفۆیجوسی وەزیری بەرگریی پێشووی مەکسیك بە تۆمەتی تێوەگلان لە بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان دەستگیر کرا.



سکای نیوز:

بە تۆمەتی کوشتنی مامۆستایەکی مێژوو لە گەڕەکێکی دەوروبەری پاریس، پۆلیسی فەرەنسا گەنجێکی بەرەگەز چیچانی تەمەن 18 ساڵی لەدایکبووی مۆسکۆی دەستگیر کرد.




یۆرۆ نیوز:


بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ، سەدان کەس هەڵڕژانە سەر شەقامەکانی بەرشەلۆنە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

دەستەی وەزارەتی ئاسایشی فیدرالی ڕووسی ڕایگەیاند دوو چەکدار کوژراون کە بەنیازبوون چەند تەقینەوەیەك لە شاری ڤۆلگاگراد ئەنجام بدەن.





قوتابیان داوا دەکەن زانکۆکان نرخی خوێندن کەم بکەنەوە

ئایا زانکۆو پەیمانگا ناحکومییەکان بۆ ئەمسالّی خوێندن نرخی خوێندن دادەشکێنن؟

قوتابییەک: ئەگەر نرخەکان بەرز بن قوتابی ناچارە لە ماڵەوە دانیشێت و نەخوێنێت بەش هەیە لە پەیمانگا نرخەکەی سێ ملیۆن و نیوە



خەبات / ڕۆشنا عەلی

دەسپێکی خوێندنی ئەمسالّی 2021-2020 دەسپێکێکی نائاساییە و دیار نییە کە ئایا ئەکرێت خوێندن بەردەوام بێت یان نا؟ هۆکارەکانیش ئاشکرایە کە بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا و خراپی ڕەوشی دارایی لە هەرێمی کوردستان و بوونی خوێندنی ئاوێتە کە وەزارەتی خوێندنی بالّاو توێژینەوەی زانستی بڕیاری لەبارەوە داوە و زانکۆو پەیمانگا ناحکومییەکان بۆ ئەمسالّی خوێندن پەیڕەوی دەکەن، دەکرێت بپرسین ئایا ئەمانە نابنە هۆکارو فاکتەر بۆ ئەوەی ناوەندەکانی زانکۆو پەیمانگا ناحکومییەکان نرخەکانییان دابەزێنن؟ ئایا نیازێک لەوبارەیەوە هەیە؟ ئەگەر نایکەن هۆکارەکەی چییە و کێ بەرپرسە؟ لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن لەمبارەیەوە بەدواداچوونێکی ئامادەکردووە : قوتابی کەم دەرامەت



***سەرەتا هەوراز عەبدولحەمید بەرپرسیی میدیای زانکۆی تیشک لەبارەی ئەوەی کە ئایا تاچەند زانکۆکەیان هاوکاری قوتابیان کردووە وتی :** ئێمە ئۆفەری سەرەکیمان هەیە بۆ ئەو قوتابیانەی کەم دەرامەتن یان لەبەشە پەروەردەییەکان دەخوێنن ئەوانەشی کۆنمرەیان بەرزە بەڕێژەی 100% داشکانیان بۆ دەکەین و بەپێی بەشەکە ساڵانە ،بڕیاری کۆتایی سەرۆکایەتی زانکۆ دەریدەکات ئێمە خوێندنی ئاوێتە پەیڕەو دەکەین ئەو بەشانەی وەک بەشەکانی بزنس و پەروەردەییەکان بە ئۆنلاین دەخوێنن بەشەکانی وەک مەدەنی و مەعماری و دیزاین دڤانسازی دەبێت بێنەوە ناو زانکۆ بە پەیڕەو کردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان بە پێی خشتە لە نۆی سبەینێ تا هەشتی ئێوارە دەبێت دەوام بکرێت و گروپ گروپ قوتابی دێتە زانکۆ.

***دەربارەی ئەوەی کە ئایا زانکۆکەتان بە نیازە نرخەکان کەمبکاتەوە بەرپرسی میدیای زانکۆی تیشک وتی: نەخێر بە نیاز نین لەبەر ئەوەی مامۆستاو ستاف هەیە خوێندن چ ئۆنلاین بێت یان لە ناو زانکۆ لە تێچوون کەمناکاتەوە، چونکە ئەو ئەرکانەی لەسەر زانکۆیە هەر جێبەجێی دەکات.**

هاوخەمی خەڵکی خۆمانین

***د. فەرهاد سەرۆکی زانکۆی قەڵا لەبارەی ئەوەی کە ئایا زانکۆ تایبەتەکان تاچەند بارودۆخی دارایی قوتابیان لەبەرچاو دەگرن وتی :** هەمیشە زانکۆ تایبەتەکان پاڵپشتی حکومەتی هەرێمن هەمیشە ملکەچی ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێنماییەکی پێچەوانەی وەزارەتی خوێندنی باڵایان دەرنەکردووە ، زانکۆکەی ئێمە نزیکەی دووساڵە دروستبووە بە خۆشحاڵییەوە پابەند بووین بە بڕیارەکەی وەزارەت پارساڵ کە 25% داشکاندن بکەین لە کرێی خوێندن سەرەڕای ئەوەی کە قوتابییەکانمان کەمە و بودجەی کولیە بەشی ستافی ئیداری ناکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە جێبەجێمان کرد و توانیمان ببینە هاوخەمی گەلەکەی خۆمان لەبەرامبەریشدا پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی خۆی بکات لە ڕووی نمرەوە لە ڕووی کردنەوەی بەشی ئێواران، چونکە فەرمانبەر لە کوردستان زۆرە و پێیان ناکرێت بەیانیان بخوێنن بۆیە خواستیانە لە خوێندنی ئێواران بخوێنن، ئەگەر بێت و دەرگای خوێندنی ئێواران بە داخراوی بمێنێتەوە، لەلای



بەرپرسی میدیای زانکۆیەک:

ئێمە بە نیاز نین نرخەکان کەمبکەینەوە

ئەوانەی کە دەخوازن درێژە بە خوێندن بدەن ئەو دەرگایە دائەخرێت ، لە هەمان کاتدا زەرەرە بۆ داهاتی زانکۆ تایبەتەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان کەلەوانەیە لە ئایندە توانای ئەوەیان نەمێنێ لەوە زیاتر نرخ دابشکێنن، یان ڕێنمایی وەزارەت جێبەجێبکەن بۆ داشکاندنی کرێی خوێندن، ئەگەر ئەو لەمپەڕانە نەبێت پێم وایە زانکۆ ئەهلییەکان دەتوانن لەو نرخانەی وەزارەت دایناوە زیاتریش نرخ دابشکێنن دەرگای ئێوارانی لە زانکۆ ناحکومییەکان داخستووە لە زانکۆ حکومییەکان کردوویەتییەوە ، بۆیە پێم وایە پێویستە زیاتر هەماهەنگ بێت ئێمە ساڵی یەکەم 200 قوتابیان وەرگرت لەو 200 نزیکەی 20 قوتابی بە خۆڕایی وەرگیران لەبەر ئەوەی بارودۆخی مادیان خراپ بوو ساڵی پاریش جگە لە 25% زۆر قوتابیشمان بێ بەرامبەر وەرگرت بۆ ئەمساڵیش ئەگەر وەزارەتیش بڕیار نەدات خۆمان هاوکاری خەڵک دەبین بەتایبەتی ئەگەر ژمارەی قوتابیان زۆر بێت.

***ئاری قاسم ئەحمەد فەرمانبەرو نوێنەری تزمار دەکەن ئێمە ژمارەیەکی زۆر قوتابیان هەبووە بە خۆڕایی خوێندویەتی ئەوانەی نمرەی بەرزیان هەبووە ئەوانەی کەم دەرامەت بوون تۆفەری زۆر باشیان هەبووە.**



سەرۆکی زانکۆیەکی ناحکومی:

وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرگای ئێوارانی لە زانکۆ ناحکومییەکان داخستووە لە زانکۆ حکومییەکان کردوویەتییەوە

خوێندنی ئاوێتە

***عەبدولکەریم هاشم مامۆستای وەرزش لە پەیمانگای کوردستان بۆ زانستەکانی کۆمبیوتەرو کارگێری و ژمێریاری هەرلەبارەی داشکاندنی نرخی خوێندن بۆ ئەمساڵ وتی:** پەیمانگاکەمان بە فەرمانی وەزارەت بە ملیۆنێك و 800000 هەزارە، بەڵام بەڕێوەبەری پەیمانگا داشکاندنی کردووە بۆ ئەو قوتابیانەی دابڕاون لە خوێندن بۆیان کراوە بە ملیۆنێك، پێنج ساڵە و بەشەش قیست دەدرێت قوتابی چۆن پێی بدرێت ئاسایە تەنها بێتە پەیمانگاکەمان ژمارەیەکی زۆریش قوتابیمان هەیە بێ بەرامبەر لەپەیمانگاکەمان دەخوێنن.

ساڵی پار بە فەرمانی وەزارەت کردمانە ملیۆنێك وەزارەت بڕیارێکی تری دەرکرد کە داشکاندن بکەین کردمانە 900000 هەزار 25% یش لە قوتابی خۆش بووین لەبەرئەوەی ئۆنلاین بوو هەرچەندە ئۆنلاینیش مامۆستاکان هەر بەردەوام بوون لەگەڵ قوتابی بەبەرنامەی خۆیان ، بەڵام بە بۆچوونی من ئۆنلاین سەرکەوتوو نابێت من کە مامۆستای



زانکۆیەکی ناحکومی:

بڕیاری یەکەم و کۆتایی دەکەوێتەوە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا ئێمە ناتوانین لە خۆمانەوە نرخ دابەزێنین

زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لە پێشانگای پەیمانگاو زانکۆ ناحکوییەکان لەبارەی ئەوەی کە ئایا نیازیانە بۆ ئەمساڵی خوێندن نرخی خوێندن بێ ڕێنمایی وەزارەت کەمبکەنەوە وتی : ئێمە لەساڵانی ڕابردوو چەن بەشێکمان کردبوو بە خۆڕایی بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کەم دەرامەتن بڕیاری یەکەم و کۆتایی دەکەوێتەوە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا ناتوانین لە خۆمانەوە نرخ دابەزێنین.

***لەبارەی ئەوەی ئایا ئەگەر نرخ دابەزێنن و دەستپێشخەر بن خوێندنی باڵا لێپێچینەوەتان لەگەڵا دەکات ؟ لەمبارەیەوە وتی : ئەگەر ئێمە نرخ دابەزێنین زانکۆتایبەتەکانی تر سکاڵا**




وەرزشم ئەگەر قوتابی لەگەڵ خۆم نەبەمە ناو یاریگا، بە ئۆنلاین ناکرێت یان وانە پراکتیکییەکان قوتابی دەبێت لە ناو پەیمانگا ئامادە بێت هەرچەندە بڕیارە قوتابی هەفتەی ڕۆژێك بێتە پەیمانگا .

زیادکردنی نرخەکان لە باتی کەمکردنەوەیان

***قوتابی هودا نەبەز لەبارەی بەرزی نرخی خوێندن لە زانکۆ ناحکومییەکان بۆ خەبات وتی :** زۆر پێویستە نرخی خوێندن دابشکێنرێت لەبەر ئەوەی بارودۆخی هاوڵاتییان باش نییە ئەگەر زانکۆکان نرخەکانیان زۆر کەمنەکەنەوە باوەر ناکەم قوتابییەکی زۆریان هەبێت، چونکە خەڵك پارەی کرێی خوێندنی پێنادرێت جا ئەگەر نرخەکان بەرز بن قوتابی ناچارە لە ماڵەوە دانیشێت و نەخوێنێت من ئەمرۆش لەم پێشانگایە پرسیارم کرد هەموویان نرخیان گران بوو، نرخێکی گەنجاوم نەبینی هەیە لە چاو پارا نرخی زۆر زیاد کردووە لە جیاتی کەمی بکاتەوە بەش هەیە پزیشکییە لە پەیمانگا بە سێ ملیۆن و نیوە.

***نایڤەر عبد الخالق نوێنەرلە پەیمانگای پایتەختی ناحکومی لەبارەی داشکاندنی نرخەکانیان لە پەیمانگاکەی خۆیان وتی :** بە بۆچوونی خۆم پێم وایە پێویستە نرخەکان دابەزێت، بەڵام زانکۆو پەیمانگاکان بە پێی توانای خۆیان حسابی بارودۆخی قوتابیان کردووە پەیمانگاکەی ئێمە حسابی بارودۆخی قوتابی کردووەو یارمەتی داون پار هەندێك بەشیان دوو ملیۆن بوو کردمانە ملیۆنێك ئەمساڵیش تا ئێستا دیار نییە تا وەزارەت بڕیار دەدات.



پەیمانگایەکی ناحکومی:

زانکۆو پەیمانگاکان بە پێی توانای خۆیان حسابی بارودۆخی قوتابیان کردووە

پێویستە وەزارەت پێش وەرگرتن بڕیاری داشکاندن بدات

***ڕێکار محەمەد پەیمانگای نۆبڵ بەڕێوەبەری ژمێریاری هەر لەبارەی نرخەکانەوە بۆ خەبات وتی :** بەپێی ڕێنمایی وەزارەتە کە بڕیاری دا داشکاندن بکرێت هەموو زانکۆو پەیمانگایەك پێویستە لەسەری نرخەکان کەمبکاتەوە دەوام چ ئاوێتە بێت چ بە ئامادەبوون بێت، حکومەت هەقی بەسەر ئەوە نییە نرخەکان نزم بێت ، بەڵام ڕێگا نادات



پەیمانگایەکی ناحکومی:

ئۆنلاین بۆ قوتابی ئەوەی باشە هەم دەتوانێت ئیش بکات هەم دەتوانێت بخوێنێت

لەو نرخەی دایناوە زیاتر بێت پێویستە وەزارەت پێش وەرگرتن ئەو داشکاندنە بکات بۆنمونە ئەگەر ئێمە داشکاندنێك بکەین لە پەیمانگای خۆمان بەشی دەرمانسازی سێ ملیۆن و نیوە بیکەینە سێ ملیۆن لەپاش ئەوەی کردمان وەزارەت بێت و داشکاندنی تر بکات لەسەر سێ ملیۆنەکە داشکاندن بکات نەك لەسەر سێ ملیۆن و نیوەکە ئەوە جیاوازییەکی زۆر دەکات.

***دەربارەی ئەوەشی کەئایا هەست ناکەن لەبەر ئۆنلاین قوتابی کەم بێتەوە بۆ ئەمساڵی خوێندن؟ ئەو بەڕێوەبەرەی پەیمانگای نۆبڵ وتی : نەخێر لەبەر ئۆنلاین نییە خەڵك حەز ئەکات زوو تەواو بکات و خوێندنی لە کۆڵ بێتەوە ئۆنلاینەکە بۆ قوتابی ئەوەی باشە هەم دەتوانێت ئیش بکات هەم دەتوانێت بخوێنێت، بەڵام بە ئامادە بوونی لە یەکێکیان دائەبڕێت.**

***قوتابی هۆشەنگ ئیسماعیل قوتابی لە یەکێك لە زانکۆ حکومییەکان بۆ خەبات وتی :** زۆر زۆر پێویستە بۆ ئەمساڵی خوێندن نرخەکان دابشکێنرێت بە تایبەتی بۆ ئەمساڵی خوێندن کە سیستەمی ئاوێتەیە زیاتر خەرجی دەکەوێتە سەر قوتابی 50% ی قوتابی ئەو توانایەی نییە بە ئۆنلاین بخوێنێ ئامێرو ئەنترنێتی بەردەوام پێویستە بۆیە پێویستە لەسەر زانکۆو پەیمانگا ناحکومییەکان زیاتر هاوکاری قوتابی بکەن ،داواکارم لە ڕێگای حکومەتەوە




قوتابیەکی زانکۆی ناحکومی:

داواکارم لە ڕێگای حکومەتەوە داوایان لێبکرێت ئەمساڵ داشکاندنێکی زۆرتر بکەن لەبەر ئەم بارودۆخە تەندروستی و ئابوورییەی کەهەیە

داوایان لێبکرێت ئەمساڵ داشکاندنێکی زۆرتر بکەن لەبەر ئەم بارودۆخە تەندروستی و ئابوورییەی کەهەیە.

چوار قوتابی ناحکومی

***قوتابی شاناز نازاد دەرچووی پۆلی 12هەر لەبارەی نرخی زانکۆو پەیمانگاکانەوە وتی:** بێگومان پێویستە هاوکاری قوتابی بکرێت بە تایبەتی کە ئەمساڵ قوتابی زۆرە و هەمووی بارو دۆخی باش نییە خەرجی خوێندن و جل و دەواميش، جگە لە ئۆنلاین قوتابی



دەرچوویەکی پۆلی 12:

ئێمە لە ماڵەوە چوار قوتابین هەموو دەچینە زانکۆو پەیمانگا ی ناحکومی زۆر دەکات بۆمان هیوادارم نرخەکان کەمبکەنەوە

ناچارە لەحکومی وەرناگیرێم بۆیە دێمە ناحکومی، هەیە لە ماڵەوە دوو سێ قوتابین زۆرە بۆیان کە لە ناحکومی بن و نرخەکانیش بەرز بن ئێمە لە ماڵەوە چوار قوتابین هەموو دەچینە کولیەو پەیمانگا و هەمووشی ناحکومییە زۆر دەکات بۆمان هیوادارم نرخەکان کەمبکەنەوە.

رۆنالدۆ تۆمەتبار دەکرێ پابەندی رێنماییەکانی خۆپارێزی نەبووە

ئەگەرێکی زۆر هەیە نەتوانێت بەرامبەر بەرشلۆنە یاری بکات





هاوار مورتکەیی

یانەی یۆڤینتۆس تەواو نیگەران بووە لەوەی ئەگەرێکی زۆر هەیە کە رۆنالۆد بەهۆی تووش بوونی بە پەتای کۆرۆنا نەتوانێت لە یارییە چارەنووسسازەکەیان بەرامبەر بەرشلۆنە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا.

رۆنالدۆ جگە لە یارییەکەی بەرشلۆنە، سێشەممەی داهاتووش لە هەمان پێشبڕکێ ناتوانێت بەرامبەر یانەی دینامۆکییڤی ئۆکرانی یاری بکات، هەربۆیەشە لێرە لەوێ بەناراستەوخۆیی هێرشی دەکرێتە سەر و بەوە تاوانباری دەکەن کە وەك پیویست ئەو ئەستێرەیە پابەندی رێنماییەکان نەبووە، بەتایبەتیش ئەوکاتەی پەیوەندی بە هەڵبژاردەی وڵاتەکەیەوە کرد لە یارییەکانی خولی ئەورووپی، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە یانەی یۆڤینتۆس لەکەرەنتینەدابووە.

یوفا رێگای پێنادات

بەشداری کردن و بەشدارینەکردنی ئەو یاریزانە تەواوی یانەکەی سەرقال کردووە، ئەمە جگە لەوەی جەماوەریش دەمێکە چاوەڕێی ئەو یارییە دەکەن، چونکە باشترینەکانی جیهان لەم یارییەدا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، بێگومان یاری نەکردنی کریس زیانیکی زۆر بە یانەکەی دەگەیەنێت، ئەگەریکی زۆر هەیە کە لەم مانگەدا ئەو یاریزانە نەتوانێت یاری بکات چونکە لە پرۆتۆکۆلی یەکیتی تۆپی پێی ئەورووپی دا هاتووە کە هیچ یاریزانێك دوای چاکبوونەوەی لەم پەتایە بەهەفتەیەك ناتوانێت بەشداری یاریی داهاتووی بکات.

کەرەنتین کراوە

جێی باسە کریستیانۆ رۆنالدۆ دوای توشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لایڤێکی ئینستاگرام رەتیکردەوە یاساکانی کەرەنتینی جێبەجێ نەکرد بێت و دەشڵێت هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیەکەی نیە.

یاریزانەکەی یۆڤانتۆس لە لایڤی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام پەیامێکی بڵاوکردەوە و گووتی " هەروەك ئاگادارن لەم ماوەیە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووم، بەڵام هیچ نیشانەیەکم نیە و سوپاس بۆ خوا تەندروستیم زۆر باشە و شەوان باش دەخەوم، سەبارەت بە قسەکانی وەزیری وەرزشی ئیتاڵیا کە دەڵێت من پرۆتۆکۆڵە تەندروستیەکانم جێبەجێ نەکردووە، بەم شێوەیە نیە و هیچ بەرکەوتنم لەگەڵ کەسێکدا نەبووە و منداڵەکانم لێم دورن و هەموو رێکارەکانیشم وەك خۆی جێبەجێ کردووە".

رۆنالدۆ دوای تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەر زوو وڵاتەکەی جێهێشت و گەڕایەوە ئیتاڵیا و لە شاری تۆرین خۆی کەرەنتین کرد، ئەمەش بەرپرسانی ئەو وڵاتەی نیگەران کرد، چونکە بە پێ یاسا هەر کەسێك کۆرۆنای هەبێت، نابێت بۆ کارەبا لە رێگەی هێرشێکەوە لەرێگەی گەیلان لوقمانی یاریزانی کوردی ئەو یانەیە گۆڵی بەرامبەری تۆمارکرد و یاریەکەی هێنایەوە خاڵی سفر.

دوای ئەوگۆڵە زۆری نەبرد فەرحان شوکری یاریزانی هەولێر لە هێرشێکی پیچەوانەدا هەولێری کردە خاوەنی گۆڵی دووەم و یانەکەی پێش کارەبا خست. تا کۆتایی یاریەکەش ئەنجامەکە بەمشێوەیە مایەوە و هەولێر یاریەکەی لەبەرژەوەندی خۆی بە 2-1 لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێهێنا.

وا بڕیاریشە هەولێر لە چوارچێوەی ئامادەکاریەکانیدا لە حەوتەمین یاری ئامادەکاری خۆیدا میواندار نەوتی میسان بکات.

میسی: ئارەزووم بۆ گۆڵکردن کەمبۆتەوە

لیۆنێل میسی ،ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ئاشکرایکرد کەوا ئێستا گرنگی نادات بە تۆمارکردنی گۆڵ.

لە چاوپێکەوتنیدا کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاویکردووەتە ئەفسانەکەی بلاوگرانا گوتی: ئەو ساڵانەی کۆتایی کەمتر ئارەزووی گۆڵ تۆمارکردنم هەبووە، ئامانجی سەرەکیم ئەوە نیە کە گۆڵ تۆمار بکەم چ لەگەڵ هەڵبژاردەکەم یاخود یانەکەم.

هەروەها ووتیشی: هەموو توانایەکم بەکاردەهێنم لە پێناو بەرژەوەندی هەڵبژاردەکەم و یانەکەم.

هەولێر لە کارەبای بردەوە



یانەی هەولێر لە یاریەکی ئامادەکاریدا لەنێو یاریگای خۆی لە یانەی کارەبای شاری بەغدای بردەوە.

لە شەشەم یاری ئامادەکاری ئەم وەرزەی خولی نایابی عێراق، هەینی رابردوو، یانەی هەولێر لە یاریگای خۆیدا میواندار یانەی کارەبای شاری بەغدای کرد. لە گێمی یەکەمی یاریەکەدا هەولێر باشتر دەبینرا و چەندین هێرشی مەترسیداری بردە سەر گۆڵی کارەبا. ئیبراهیم ئەزەور، بەسەر هەوڵی گۆڵیدا بەڵام بەخت یاوەری نەبوو و تۆپ بەر ستوونی کەرەبا کەوت، دواتر لێدانی سزا بۆ هەولێر هەژمارکرا، دیار عەلی لێدانە سزاکەی بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کرد و هەولێری کردە خاوەن گۆڵی یەکەم. لە گێمی دووەم رادان گاسانینی راهێنەری هەولێر 10 یاریزانی هەولێری گۆڕانکاری پێکرد. هەردوو یاریزانە پیشەگەرە ئەفریقی و بەرازیلیەکە لەناو گۆڕانکاریەکدا بوون.

ئەو گۆڵچییەی کۆرۆنای بۆ 17 یاریزانی یانەکەی گواستەوە

ماتیا پێرینی گۆڵچی یانەی جەنەوای ئیتاڵی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە دەڵێن ئەو هۆکاربووە لە بڵاوکردنەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەنێو یاریزانانی یانەکەی، چونکە ئەو گۆڵچیە بەر لەهەمووان تووشی ئەو پەتایە بوو دواتر 17 یاریزانی دیکەی هاوڕێی تووش بوون.

پێرین لە لێدوانێکیدا کە پیگەی کال1یۆ میرکاتۆ بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: ئەوە من نەبووم کە ئەو پەتایەم لەناو هاوڕێکانم بڵاوکردۆتەوە، ڕۆژی دووشەممە لەگەڵ خێزانەکەم لە تۆرینۆ بووین و ڕۆژی چوارشەم گەڕاینەوە بێ ئەوەی هیچ شتێك ڕوویدابێت، هەروەها لە پشکنینەکەش هیچ نیشانەیەکم لێ دەرنەکەوت، بەڵام شەوی پینج شەممە هەستم بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای جەستەم کرد، هەروەها گوتی: هەمیشە ڕێزم لە ڕێنماییەکان گرتووە بەڵام ئەو ڤایرۆسە ڕەنگە لەڕێگای تاکسی و ئەسانسۆرەوە بلاوبوبێتەوە، تەنانەت لە تاقیگەکانیش.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Sun. 18 Oct. 2020 No.:(6023)

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616


هونەرمەندی گەورەی نیگارکێشی کورد جەمال بەختیار هەڵگری میدالیای بارزانیی نەمر کۆچی دوایی کرد





ساسان دەرویش – هۆڵەندا

لە زەمەنێکدا دەژین، کۆچی ئازیزانمان یەک بەدوای یەکدا بوونەتە گەڵا ڕێزانی ئەم پایزە و وەیشومەی مەرگ و پەتای کۆرۆنا و داخکردنی دڵان، هەر ڕۆژە و پرسەیەک بۆیەکیان دەگێڕین ، لە کەسایەتیەکانی شارو نێوکۆمەڵگەکەمان ، بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوەش شەوی 15/16 ی ئۆکتۆبەری 2020 ، ئەستێرەیەکی گەشی دەروشاوەی ئاسمانی کوردایەتی و هونەری ڕەسەن ، هونەرمەندی نیگارکێشی ناودار جەمال بەختیار لە تەمەنی 93 ساڵیدا لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا کۆچی دواییکرد، لە دوای جێهێشتنی خەرمانێک لە بەرهەمەکانی لە شاکاری جوانی هونەری دەستو پەنجەی ڕەنگینی کە بوونەتە سەرمایەیەکی گەورەی هونەریمان .





پەیامنێری خەبات لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو

نووسینی پەرتوکەکەم لەسەر باوکم گەیاندمیە جەمال بەختیار

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 خولیایی ئەوەبووم هەموو ژیاننامەی باوکم وناڕایەتی لە داستانی زەمبوور بکەمە پەرتوکێک ، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر گەڕام بۆ زانیاری کۆکردنەوە وەک سەرچاوە ، لە کەسوکار بیستبووم کە جەمال بەختیار تابلۆیەکی بۆ ئەومەبەستە نەخشاندوە لەدوای هاتنەوەی لە ساڵی 1993 چوومە خزمەتی لە ماڵی خۆیان و گفتوگۆیەکی چڕمان لەو بارەیەوە کردوکردییە دیاری بۆم کە بیرۆکەکەی لەو داستانەوە وەرگرتبوو کە دواجار ساڵی 1995 تابلۆکەی بووە بەرگی ئەو پەرتوکەو سەرۆک مەسعود بارزانیی پێشەکی بۆ نووسیوە . ئەم یەکتربینینە بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییان لە کۆنگرەی 11ی پارتیمان وکۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر یەکترمان بینوە تامن چوومە هەندەران وئەویش گەڕایەوە ئەمەریکا چەند جارێک بەتەلەفۆن قسەمان کردەوپەرتوکەکەشم بەدیاری بۆ نارد بۆ ئەمەریکا زۆری پێخۆشبوو بەوکارەم کە دەستنووسێکی خۆشی تیادایە وەک بەڵگە بۆ تابلۆکەی .

جەمال بەختیاری هونەرمەندی گەورەی کورد ، کەسایەتیەکی نیشتیمانپەروەر و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە ، دۆست و هاوڕێی سەرۆک بارزانی و خۆشەویستی باوکی ڕۆحیمان بارزانیی نەمر بووە ، بەهۆیی دەست ڕەنگینی و تابلۆکانی کە گوزارشتیان لە شۆڕش و پێشمەرگە و کوردستان و سەرکردەکان کردوە و بۆتە مایەی دەنگ و سەدای کورد لە دەرەوەی کوردستان و بەهۆی خزمەتەکانی بەهونەری کوردی وناساندنی کورد بەگەلانی ئەمەریکا بەڕێگەی چالاکییە هونەریی وفەرهەنگییەکانی ومێژووی پێشمەرگایەتی و بەشداربوونی لە شۆڕش لە کۆنگرەی 12ی پارتیمان میدالیای بارزانیی نەمر وەرگرتووە ، ساڵی 1946 دا لەکۆماری کوردستان لە مەهاباد بەشداری کردووە و پێشەوا قازی محەمەد ناز ناوی بەختیاری داوەتێ.



لە دوای گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق لە 6/10/1958 دا ، لە نیوەی دووەمی ئەو مانگەدا سەردانی هەولێروسلێمانی کردوە وجەمال بەختیارتوانیویەتی لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید لەگەڵ مامۆستا گۆرانی شاعیر چاوی بە سەرۆک بارزانی بکەوێتەوە لە ڕۆژی 20/10/1958 .

لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ، جەمال بەختیار سەرلەنوێ پەنای بۆ خەباتی نهێنیی بردۆتەوە بەنەخشاندنی پۆستەری سیاسی ونوسینی سەرمانشێتی بڵاوکراوەکانی ڕزگاری بۆ لوی چوار ومەشخەڵ بۆ لقی سێیی پارتی هاوکاری شۆڕشی کردوە وبۆتە پێشمەرگە ولە دوای جێبەجێنەکردنی بەیاننامەی 11ی ئازار لەلایەن ڕاپەڕیی بەعس ، بەتەواویی لەناوبردان ماوەتەوە .

لە 17/6/1976 بەڕاسپاردەی سەرۆک مەسعود بارزانی بە بنەماڵەوە چووەتە ئەمەریکا ، لە تاراوگەش پەرەی بەهونەرەکەی داوەوبۆتە بااڵیۆزی کورد و ناساندنی زیاتری دۆزی کورد بەهۆی تابلۆکانی ونمایشکردنیان لە پێشانگاکاندا کە بوونەتە سەرنجی دەستەاڵتدارانی سیاسی ئەو وڵاتە وهاوکاریکردنی بۆ بەردەوامی وناوبراوهەرلەوێ کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردستانی دامەزراندوە لەو ڕێگایەشەوە زیاتر بەشداری بۆنەکانی کردوە .

لە ماوەی ژیانیدا لە ئەمەریکا ، جەمال بەختیار توانیویەتی دووجار بچێتە کۆشکی سپی وتابلۆکانی پێشکەشیان بکات ، ساڵی 1994 تابلۆیەکی بۆ بیل کلینتۆن سەرۆکی ئەمەریکا دروست کردوە وبەناوی نەتەوەی کورد پێشکەشی کۆشکی سپی کردوە ، هەروەها ساڵی 2003 بەدوای ڕزگاربوونی عێراق تابلۆیەکی تری بۆ جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا دروست کردوە وگەیاندۆتە دەستی ، لە ژیانی هونەری خۆیدا زیاتر لە هەزار تابلۆی ڕۆنی نەخشاندوە و چەندان بەرهەمی هێڵکاریشی هەیە وبەرهەمەکانی لەلای خانەوادەکەی پارێزراون هەرچەندە کۆمەڵێکیشی فەوتاون لەنێو شۆڕش تەنها بەکۆپی هەیەتی ،







چەند وێستگەیەکی ژیانی هونەرمەند جەمال بەختیار

هونەرمەندی نیگارکێش جەمال حامید ئەسعەد ناسراو بە (جەمال بەختیار) لە ساڵی 1927 لە سلێمانی لە دایک بووە،چونکە حامید ئەسعەدی باوکی فەرمانبەری حکوومەت بووە ، لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لە هەڵەبجە ژیاوە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی خوێندوە ، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە ، ناوبراو خولیای وێنەکێشان بووە ولەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی ئەو بەهرەیەی گەشەی سەندوە ، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی بەڕاسپاردەی مامۆستا گۆران شاعیری ناسراوی کورد کە پەورزای بووە ویستویانە ڕەوانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدادی یەکەن ، ناوبراو بەرلەچوونی بۆ بەغدا لە سلێمانی ، ساڵی 1942 چووەتە ڕیزی کۆمەڵەی هیوا و بەهۆی هاوکاریی کردنی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە وازی لە خوێندن وچوون بۆ بەغدا هێناوە ، بەمشێوەییە نەیتوانیوە پلەکانی خوێندن ببڕێت و ئەکادیمیانە پەرە بەشاکارە هونەرییەکانی بدات ، ئەوەی کردویەتی بە خۆشەویستی یەکی بێ وێنەوە بۆ هونەری شێوەکاری خۆڕسکانە بووە ، ئەگەر سەیری کارەکانی بکەین زۆربەیان لە هەناوی کوردەواری یەوە سەرچاوەی گرتووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی ئەم هونەرمەندە مەزنە بۆ خاک و نیشتیمان و سروشتی دڵفڕێنی کوردستان و هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و سەرکردەکانی ، لە ساڵی 1940 دەستی داوەتە کاری هونەری و توانایەکی زۆرباشیشی لە خۆشنوسین دا هەبووە ، وەک خۆی دەڵێت لە تەمەنی 8 ساڵیەوە بەهەری وێنەکێشانم تیادەرکەوتووە ، بەشێوەی ڕیالیست کارەکانی بەرهەم هێناوە ، لە ساڵی 1943 لە ئیدارەی گومرگی قەڵادزێ دامەزراوە ، ساڵی 1944 بەهۆی گوشاری ڕژێمی پاشایەتی سەبارەت بەچاالکییەکانی لە کۆمەڵەی هیوادا بەناچاری وازی لە کارەکەی هێناوە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بۆ بژێوی ژیانی کاری نیگارکێشیی کردوە ، ڕۆژی 20/6/1946 جەمال بەختیار تابلۆیەکی لە پێشەوا قازی محەمەد وسەلاحەدین ئەیوبی دروست کردوە ، سەرۆک بارزانیی نەمر لەگەڵ خۆی بردویەتیە لای پێشەوا قازی محەمەدی نەمر وتابلۆکەی پێشکەشکردوە لەوبارەیەوە گوتویەتی ئەو ڕۆژەی کەمن بەیاوەریی ژەنەڕاڵ بارزانی دیارییەکەم بردە خزمەت پێشەوای نەمر ، سەتڵپی سەرکەوتنەکانی ژیانم بوو ، پێشەوا قازی تابلۆکەمی زۆر بەسەنگینی پەسەند کرد و فەرمووی دەستت خۆش بێت ، کارێکی نازدارە ، دوارۆژ هونەرمەندێکی بەختیارت لێ دێت بۆ خزمەت کردنی گەلەکەت ، لەمەوە بەختیار بووە نازناوم .

ئەمەش بەشێکی کەمی ناوی سەرتابلۆکانیەتی

تابلۆی پێشەوا قازی محەمەد وسەلاحەدین ئەیوبی مەهاباد 1946.
تابلۆی کچە کوردێکی سلێمانی 1954.
تابلۆی سەمای شەهرەزاد سلێمانی 1955 ئەم بەرهەمە داروە بە یۆنسکۆ .
تابلۆی ڕاپەڕین سلێمانی 1956 دراوە بەئەرشیفی لاوانی یەکێتی سۆڤیەت لە لینینگراد .
تابلۆی کێژی هەورامان سلیمانی 1958 دراوە بەپارێزگاری ئەوکاتی سلیمانی .
تابلۆی کورد وشۆڕشی عەبدوڵکەریم قاسم ساڵی 1958 دراوە بەکۆشکی سەرکۆماری عێراق لە بەغدا.
تابلۆی ڕزگاری بەغدا 1959 ئەم بەرهەی لای ڕەشید عارفە .
تابلۆی نازداری جاف سلێمانی 1967 کە بەکۆپی لە زۆربەی ماڵاندابوونی هەیە .
تابلۆی کێژۆڵەی شەقالاوە ساڵی 1968 ئەم بەرهەمەش زۆری لێ چاپکراوە بۆ فرۆشتن .
تابلۆی جوانی لادێ ساڵی 1968 ئەم بەرهەمەش چاپکراوە بۆ فرۆشتن .
تابلۆی مەم وزین سلێمانی 1963.
تابلۆی ژینۆسایدی ئەرمەنەکان 1969 دراوەتە کەنیسەی ئەرمەنەکان لە بەیروت .
تابلۆی شەهید عەزیز ئەترۆشی 1972 لەلای سەرۆک مەسعود بارزانییە .
تابلۆی کارەساتی بۆمبارانی قەڵادزێ ، ناوپردان 1974 لە ئەوروپا بەچاپی زۆر بڵاوکراوەتەوە.
تابلۆی پەناهەندەیی، کاشان 1975 دراوە بە جاچی سووری .
تابلۆی بەرەونازادی بۆ کوردستان 1976 ناشڤیل ، بیرۆکەی ئەم تابلۆیەم لەسەر داستانە گەورەکەی لێدانی بیرەنەوتەکانی زەمبووری 1965 بە فەرماندیی محەمەد دەرویش نادر .
تابلۆی هەزرا شەو شەوێک بسمارک 1978 ئەم تابلۆیە دراوەتە ڕۆڵاند گۆردەر لەبەرامبەردا داهاتێکی باشی پێشکەشکردوە کە ژیانی تاراوگەی پێ گۆڕیوە .
پۆرترێتی ئارسەرلینگ بسمارک ساڵی 1979 لە بارەگای پایتەختی نۆرس داکۆتایە .
تابلۆی شۆڕشی گوڵان ناشڤیل 1984 ، ژمارەیەکی زۆر لەتابلۆیە چاپ ولەجیهاندا بڵاوکراوەتەوە .
تابلۆی ڕەوی مستەفا بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە 1947 دا ئەم تابلۆیە پێشکەش بە سەرۆک مەسعود بارزانی کراوە .
تابلۆی کلینتۆن و پاراستنی ئاشتی ودیموکراسی 1994.
تابلۆی چاوەڕوانی هەڵۆی بەبەزیی 2003 بۆ جۆرش بوش .
نەخشەسازی لۆگۆی پارتیمان.